# پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم– ژمارە ۴۴۸ –نیوەی یەکەمی مانگی گوڵان ۱۴۰۳–ئایاری ۲۰۲۴


## پلاتفۆرمی داواکارییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بە بۆنەی ١ی ئایاری ٢٠٢٤




## دروشمەکانی ڕۆژی جیهانی کرێکار، زیادکرنی حەقدەست و مووچە، ڕاگرتنی جینۆساید لە غەززە



## نەریتی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانی کرێکار لە کوردستان



### سەروتار

## پێشڕەوی و پاراستنی دەستکەوتەکان، لە گرەوی ڕێکخستنی جەماەریدایە

شەپۆلێکی کە لە دژی دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدانی تۆماج سالحی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتەڕێ، نموونەیەکی ئومێدبەخشە کە نیشانیدا کۆمەڵانی خەڵکی خەباتکار لەم ساتە هەستیارانەدا، ئەو زیندانییە سیاسییە بەندکراوانەی کە بۆسەی مەرگ چاوەڕوانیان دەکات، بە تەنیا ناهێڵنەوە.

بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە بۆ ڕێگریکردن لە دەستدرێژییەکانی ڕژیم بۆسەر گیان و ژیانی زیندانییە بەندکراوەکان، هێزێکی بە چەند قات گەورەتر و بزووتنەوەیەکی گەلێک بەرینتر پێویستە. هێشتا ئەو هێزە بەرین و لەبن نەهاتووەی جەماوەر کە توانایی بەسەرکەوتن گەیاندنی نەبەردێکی وەها گەورە و چارەنووسسازی هەیە، نەکەوتووەتە ڕێ، پرسێکی کە وەک ئەرکێکی گرنگ لەبەردەم ئێمە و هەر ئینسانێکی خەباتکاردایە. بێ گومان ئەو بژاقە لە چەشنی ڕووبارێکی خرۆشاو دەبێت کە ئەم ڕژیمە وەک زبڵ و خاشاک ڕادەماڵێت. لەم وڵاتەدا ملیۆنان گەنج و لاو لەم ڕژیمە جینایەتکارە بێزارن، بە ملیۆنان ژنی دیل و ستەمدیتوو نەفرەتیان لەم ڕیمەیە، ملیۆنان کرێکاری برسی ئاواتی مەرگی ئەم ڕژیمە دەخوازن، ملیۆنان مامۆستا و پەرستار و کارمەند و خانەنشین لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و شکۆ و کەرامەتی خۆیان لە ڕووخانی ئەم ڕژێمەدا دەبیننەوە، ملیۆنان کەس گیرۆدەی مادده هۆشبەرەکانن و ئەم ڕژیمە بە سەبەبکاری چارەنووسی ڕەشی خۆیان دەزانن، ملیۆنان ئینسان بێ ماڵ و حاڵن و نەفرەت لەو ڕژیمە دەکەن و بە ملیۆنان منداڵیش لە چێژ وەرگرتن لە سەردەمی منداڵی خۆیان بێبەشن و خولیای دنیایەکی شاد و بەختەوەری منداڵانەیان لەسەردایە

هەموو ئەمانە خولیا و ئاواتی جیهانێکی تریان لەدڵدایە، جیهانێکی کە تیایدا ئازادی و نان و کار، شوێنی نیشتەجێبوون و خۆش بژێوی، ئاسوودەیی و ئارامی و بەختەوەری بوونی هەبێ و هەمووشیان دەزانن کە لە سایەی ئەم ڕژیمە چەوسێنەر، تاڵانچی، گەندەڵ، دژە ژن و منداڵ ئازارەدا، ناگەن بەو جیهانەی کە دڵیان بۆی لێدەدات. بێ گومان هەوڵ و تێکۆشانی یەکگرتووانەی کۆمەڵانی خەڵک لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان و ئازادی زیندانیانی سیاسی، دەتوانێت سەربکەوێت. ئەم ڕژیمە سەرەڕای هەموو سەرەڕۆییەکانی و سەرباری ئەو چنگ و ددانەی کە نیشانی دەدات، لە ئاست وره و ئیرادەی جەماوەردا لاواز و بێ دەسەڵاتە. ئەگەر جینایەت ئەنجام دەدات، ئەگەر بە گرتن و زیندانیکردن و هەڕەشە و ئەشکەنجە و تیرۆر و پەتی سێدارە، لە هەوڵی زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگادایە

درێژە لە لاپە ڕە ی ٢

## درێژەی سەروتار

هەمووی ئەمانە لەو ڕووەوەیە کە نە توانایی پێکهێنانی هیچ ئاڵوگۆڕێکی باشتری لە ژیانی خەڵکدا هەیە بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە جێگە و پێگەیەک لەناو خەڵکدا بەدەست بهێنێت و نە تەبلیغاتێکی کاریگەر، کە بتوانێت بە فێڵ و فریو خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، هەربۆیە پەنای بردووەتە بەر تاکە ئامرازێکی بەردەست کە بریتییە لە زیندانیکردن و کوشتن و سەرکوتکردن. هەموومان کەم تا زۆر لاوازی و بێ دەسەڵاتی ئەم ڕژێمەمان لە بەرامبەر شەپۆلی کۆمەڵانی تووڕە و وەگیان هاتووی خەڵکدا بینیوە و ئەگەر تا ئێستا شەڕی ئەم ڕژێمە لە سەر خەڵکی ئێران کەم نەبۆتەوە، هۆکارەکەی نەک بەهێزبوونی ڕژێم، بەڵکوو پرشوبڵاوی و ناڕێکخراوی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕادیکاڵەکان و بزووتنەوەی کرێکارییە

ئەگەرچی لە ماوەی دووساڵی ڕابردوودا جەماوەری هاوخەبات و یەکگرتوو گەلێک دیمەنی شکۆداریان لە هاودەنگی و یەکگرتوویی بێوێنەی خۆیان نیشانداوە، بەڵام ئەم ئاستە لە هاودەنگی و یەکگرتووییە، بەبێ ڕێکخراوگەلێکی فرەچەشن و سازماندراو، ناتوانێت پاشەکشەی جددیتر بەسەر ئەم ڕژێمە جینایەتکارەدا بسەپێنێ و ڕێگەی ڕزگاربوونی یەکجاری کۆمەڵانی خەڵک لە شەڕی ئەم ڕژێمە، خۆش بکات. لە هەلومەرجێکدا کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی خەریکی جێبەجێکردنی سیاسەتێکە کە دەیەوێت لەو ڕێگایەوە هەنگاو بە هەنگاو قورسایی قەیران و شپرزەییە ئابوورییەکانی خۆی بخاتە سەر شانی کرێکاران و چین و توێژە کەمداهاتەکانی کۆمەڵگا، لە شەقامەکان شەڕی لەدژی ژنانی ئازادپۆش وەڕێخستووە و هاوکات گوشار بۆ سەر زیندانیانی سیاسی و بەڕێوەبردنی سزای لەسێدارەدانی خستووەتە دەستووری کاری خۆیەوە، بۆ ئەوەی خەڵک چاوترسێن بکات و ناچاریان بکات کە واز لە ناڕەزایەتی دەربڕین بهێنن. ئێعدامەکانی ئەم دواییانە و دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدان بۆ تۆماج ساڵحی تەنیا بە تۆمەتی خوێندنی ئاواز و گۆرانی ناڕەزایی و ڕەخنەگرانە، نیشاندانی چنگ و ددانی خوێناوییە بە جەماوەرێکی کە ڕژیم باش دەزانێت لە بەرامبەر کەوتنە ڕێی شەپۆلی خرۆشاوی ئەواندا، لاواز و بێ دەسەڵاتە. بە مەبەستی پاشەکشە پێکردنی جددی بە ڕژیم لە بواری وڵامدانەوە بە ویست و داخوازییە ئابوورییەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و کەمداهات، بە مەبەستی کورتکردنەوەی دەستی ڕژیم لەسەر گیان و ژیانی زیندانیانی سیاسی بەندکراو و هەروەها بۆ سەقامگیر کردنی هەر ڕادەیەک لە دەسکەوتەکانی خەبات و ناڕەزایەتییەکانی تا ئێستا، بوونی ڕێکخراوەگەلێکی بەردەوامی جەماوەریی لە فۆرم و شێوازی جۆراوجۆردا پێویستە، ڕێکخراوەگەلێکی کە کرێکاران، خوێندکاران، ژ ـان، مامۆستایان، پەرستاران، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، بەرگریکارانی ژینگە، داکۆکیکارانی مافی منداڵان و هیتر... لەخۆ بگرێت. پەرەسەندنی ڕێکخراوە جەماوەری و مەدەنییەکان، ئامرازێکن بۆ پێشڕەوی و گەرەنتی پاراستنی دەستکەوتەکان. ئەرکێکی لەم چەشنە، بە شێوەیەکی سەرەکی دەکەوێتە سەر شانی هەڵسووڕاوانی سۆسیالیست و ڕێبەران و پێشڕەوانی بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ڕۆڵەی کە تا ئێستا بینراوە، دەستکەوتگەلێکی بەرچاوی هەبووە و لەمەودواش پێویستە، بە شێوەیەکی جددیتر و لە ئاستێکی بەربڵاوتردا بەردەوام بێت

****

# کەمپەینی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین تا دێت بەربڵاوتر دەبێت




هەر لە سەرەتای جینۆسایدی ئیسرائیلەوە بە هاوکاری ئەمریکا لە غەززە، هێزە ئاشتیخوازەکان لە ئەمریکا بەرامبەر بەو جینایەتە دەستیاندایە ناڕەزایەتییەکی بەرفراوان. بۆرژوازی ئەمریکا لە پەنای کەڵک وەرگرتن لە پۆلیس، دەسەڵاتی دادوەری و میدیاکانی خەتی فەرمی و بە تۆمەتی دژە یەهوودبوون، هەوڵیدا خەڵک لە دژی هێزە دژە ئیسرائیلییەکان لە غەززە هانبدەن. بەڵام هێزەکانی دژە جینۆساید نەک هەر پاشەکشەیان نەکرد، بەڵکوو ناڕەزایەتییەکانیان لە شێوەی دامەزراندنی «کەمپی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی غەززە» لەلایەن خوێندکارانەوە، بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر و کاریگەرتر درێژە پێدا. خوێندکارانی زانکۆی کۆلۆمبیا لە شاری نیویۆرک یەکەم «کەمپی هاوپشتی لەگەڵ غەززە»یان ڕۆژی ١٧ی ئاوریلی ٢٠٢٤ بەرامبەر بە ٢٩ی خاکەلێوە دامەزراند. یەکەم داواکاریی ئەوان ڕوو لە کارگێڕانی زانکۆ بوو. ئەوان خوازیاری ئەوە بوون کە زانکۆکە وەبەرهێنان لە کۆمپانیاکانی دروستکردنی چەک و تەقەمەنی بەمەبەستی هەناردەکردنی بۆ ئیسرائیل ڕابگرێت؛ پۆلیسی پڕ چەک و چۆڵیان بەردایە گیانی خوێندکارانی کچ و کوڕ و بە شێوەیەکی دڕندانە هێرشیان کردە سەر ئەو خوێندکارانەی کە بەرگریان لە خۆیان دەکرد و ١٠٠ کەسیان دەستبەسەر کرد. بەرپرسانی پۆلیس بە بیانووی ئەوەی کە کەمپەکان لەسەر زەوی تایبەتی زانکۆکان دامەزراون، هەوڵیاندا کۆیان بکەنەوە. زۆربەی بەرپرسانی کۆشکی سپی و ئەو ویلایەتانەی کە بەرگری لە بەرژەوەندیی کۆمپانیا زەبەلاحەکان دەکەن و هەروەها میدیاکانی سەر بە ملیاردێرەکان، بە تۆمەتی جۆراوجۆر و بە تایبەتی تۆمەتی «دژە یەهوودبوون»، دەستیاندایە تەبلیغ لە دژی خوێندکارانی لایەنگری فەلەستین. ئەوان ئەو هەڵسوکەوتە نامرۆڤانەی پۆلیسیان بەرامبەر بە خوێندکاران ستایش کرد. هەروەها زۆربەی پارلەمانتارانیش بە کەمپی کۆنەپەرستی و وەحشیگەرییەوە پەیوەست بوون. بەڵام چەند نوێنەرێکی وەک ئەلکساندریا ئۆکاسیۆ-کۆرتێز ئەندامی حیزبی سۆسیالیست دێموکراتیکی ئەمریکا، هەڵسوکەوتی دڕندانەی پۆلیسیان لەگەڵ خوێندکارە نارازییەکان بە توندی ئیدانە کرد

بۆرژوازی لایەنگری ئیسرائیل، هاوڕێ لەگەڵ سیاسەتمەداران و سەرۆک پۆلیسەکانیان، پێیانوابوو بە هێرش و پەلاماری وەحشیانە بۆ سەر خوێندکارانی زانکۆی کۆلۆمبیا، خوێندکاران چاوترسێن دەکەن، بەڵام خەیاڵیان خاو بوو، دامەزراندنی «کەمپ» بە بانگەوازی ئەو خوێندکارانە زۆر بەخێرایی پەرەی سەند بۆ باقی ویلایەتەکانی تر و دەرەوەی وڵاتیش. زانکۆکانی وەک زانکۆی تەکساس، باشووری کالیفۆرنیا، ییێل، هاروارد، ئاستین، لۆس ئەنجلێس، بۆستۆن، ڕۆد ئایلەند، سن ئانتۆنیۆ، هامبۆڵت و چەند زانکۆیەکی دیکە پێشەنگ بوون لە دانانی کەمپ و چالاکبوون لە کەمپی «هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین». ئەم پرۆسەی خەبات و ناڕەزایەتییانە بە دروشمی «کۆتایی بهێنن بە یارمەتیدانی بکوژەکان!» بە خێرایی سەرانسەری وڵاتی گرتەوە. بەپێی دوایین هەواڵەکان، تا ئێستا ٦٠ کەمپ لە ٦٠ زانکۆی و ی لا یە تە یە کگر تو و ە کا نی ئەمریکا دامەزراوە. ئەوان داواکاری « بڕینی وەبەرهێنان و ئاشکراکردنی »یان بۆ تەواوی بزووتنەوەکە گەڵاڵە کردووە. خوێندکارانی خەباتکار دروشمەکانی «غەززە ئازاد بکەن!»، « کۆتایی بە کۆمەڵکوژی بهێنن» و «فەلەستین ئازاد بکەن!»یان کرد بە دروشمێکی سەرتاسەری لە وڵات. هەروەها مانگرتن و خۆپیشاندانیش بە ئاکسیۆنی کەمپەکانەوە زیاد بوو. تا ئێستا بەشێک لە ستافی پەروەردەکاران و مامۆستایانیش بە خوێندکارانی لایەنگری فەلەستینەوە پەیوەست بوون. «یەکێتی کرێکارانی ئۆتۆمبێل» وێڕای دووپاتکردنەوەی دروشمی خوێندکاران، خوازیاری « ئاگربەستی دەستبەجێ» و « وازهێنانی کرێکاران لە دروستکردنی چەک و ئامرازەکانی جینۆساید لە غەززەش بوون!»

هاوکات لەگەڵ زۆر بوونی کەمپەکان، هێرشی پۆلیسی سوار و پیادە و د ە ستبە سە ر کر د نە کا نیش پەرەی سەند و قوتابیانیش بە دروشمی «فاشیست، فاشیست!» بەرپەرچیان دانەوە. خوێندکارە یەهوودییە ئاشتیخواز و لایەنگرەکانی فەلەستین بە دروشمی « دژە یەهوود ئێوەن، ئێوەن!» هەوڵێکی وشیاریدەرانەیان دەستپێکرد. ئەو خوێندکارانە هەوڵیاندا بە بڵاوکردنەوەی زانیاری ڕاستەقینە، جۆری هاوکارییە دارایی و چەک و چۆڵەکانی بۆرژوازی ئەمریکا بە ئیسرائیل بەمەبەستی پاکتاوی نەتەوەیی لە غەززە ئاشکرا بکەن. ئەوان هەوڵیاندا بە ئاشکراکردنی کۆمەڵکوژی زیاتر لە ٣٤ هەزار ژن و پیاو و منداڵی فەلەستینی و بریندازبوونی نزیکەی ٨٠ هەزار کەسی بێ دیفاع و سەپاندنی برسێتی و نەخۆشی جۆراوجۆر بەسەر خەڵکی ئەو ناوچەیەدا، سەرنجی ڕای گشتی کۆمەڵگای ئەمریکا لە کردەوەی دڕندانەی ئەرتەشی ئیسرائیل و جینۆسایدەکەی لە دژی خەڵکی ستەمدیتووی فەلەستین ئاگادار بکەن. خوێندکارەکان دەڵێن کە ئاستی توندوتیژی و وەحشیگەرییەکانی پۆلیس تەنانەت لە ساڵەکانی دەیەی حەفتاش لە ئەمریکا بەو شێوەیە نەبووە. لە ئاکامی تەبلیغاتی ڕاستەقینەی خوێندکاران، کۆمەڵێک لە کرێکارانی گووگل دەستیاندایە لەقاودانی ڕۆڵی ئەو کۆمپانیا زەبەلاحە لە یارمەتیدانی دەوڵەتی ئیسرائیل، کە دەستبەجێ لە کارەکانیان دوورخرانەوە. خۆبواردنی کرێکارانی خەباتکار لە بارکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ ئیسرائیل پەرەی سەند. بزاڤی یەکگرتووانەی خوێندکاران لە ئەمریکا بووەتە بزووتنەوەیەک و لە ئەوروپاش خوێندکارانی بریتانیا و فەڕانسە و یۆنانیش بە بزووتنەوەی دامەزراندنی کەمپی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی غەززەوە پەیوەست بوون. ئەوانیش بە تایبەت لە فەڕانسە کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری پۆلیس و بە شێوەیەکی بوێرانە بەرگرییان لە خۆیان کرد

****

# پلاتفۆرمی داواکارییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بە بۆنەی ١ی ئایاری ٢٠٢٤

ئەمساڵ لە هەلومەرجێکدا لە یەکی ئایاری نزیک دەبینەوە کە دوو ساڵ بەسەر ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی دا، تێدەپەڕێت. ئاخێزێکی شۆڕشگێڕانەی کە وەرزێکی نوێی لە خەباتی ڕزگاریخوازانە لەدژی دیکتاتۆرییەتی مەزهەب و سەرمایە دەستپێکردووە. سەرەڕای سەرکوتی توندوتیژ و فاشیستیی حکوومەتی ئیسلامی، بزووتنەوەی کرێکاری هەروا شێلگیرانە درێژەی بە خەباتی چینایەتی و ڕزگاری بەخشی خۆی داوە. لەم ساڵانەی دواییدا چ لە خەباتی ڕۆژانە و چ لە بۆنەکانی وەک ڕۆژی کرێکاردا، داواکارییە بژێوی تەوەرەکان و داخوازییە ئابووری و دێموکراتیکەکانی کرێکاران هاتوونەتە گۆڕێ. ئەم داخوازییە دەستبەجێ و ڕاستەوخۆیانە، پنتی بنەڕەتی خەباتی بەشە جۆربەجۆرەکانی بزووتنەوەی داخوازیی تەوەر و مووچەخۆرانی ئێرانیان پێکهێناوە. بە هۆی ڕۆڵی پێشەنگانەی ژنان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە لایەک و ژنانە بوونی هەژاری لە لایەکی دیکەوە، ژنان لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەی سێکتەرە جۆراوجۆرەکانی مووچەخۆران، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکاری ئێراندا هەبووە. خەباتی بەردەوام و ڕادیکاڵی مامۆستایانی ژن، پەرستاران و ژنانی ناو بەشەکانی تری بزووتنەوەی کرێکاری، پەیوەندییەکی کاریگەرتر و جددیتریان لە نێوان خەباتی داواکاریی تەوەر و خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان و لاواندا دروست کردووە. لەمڕووەوە داواکارییەکانی تایبەت بە ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش، سەنگی خۆیان بەشێوەیەکی جددیتر لە نێو داخوازییەکاندا نیشانداوە بەبۆنەی یەکی مانگی ئایاری ئەمساڵەوە، کۆمەڵێک لە داواکارییە لانیکەمەکانی چینی کرێکارمان کە ئاکامی دیالۆگ و پەیوەندی لەگەڵ هەڵسووڕاوانی کرێکاری و ڕێکخراوە کرێکاری و کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها ناوەڕۆکی خەبات و تێکۆشانی ئەوان بووە، گردوکۆ کردووە و بڵاویان دەکەینەوە. گرنگی ئەم کۆبەندە لەوەدایە کە لە دەرەوەی هەرکام لە داواکارییەکان، بە شێوەیەکی گشتی، وێنەیەکی هەمەلایەنە و گشتگیرتر لە پێویستی گۆڕانکارییە بنەڕەتی و پێکهاتەییەکان بۆ بەکردەوە دەرهێنانی ئەم داواکاریانە، دەخاتەڕوو

- ئازادی دەستبەجێ و بێ شەرت مەرجی هەڵسووڕاوانی کرێکاری، مامۆستایان و سەرجەم هەڵسووڕاوانی مەدەنی و کۆمەڵایەتی
- ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی و ئایینی بەبێ جیاوازی
- دەرکردنی بڕیاری کۆتایی هێنان بە بەدواداچوون و لێپێچینەوە بۆ سەرجەم ئەو هەڵسووڕاوانەی کە سزایان بەسەردا سەپێندراوە.
- کۆتایی هێنان بە کوشتاری کۆڵبەران و سوختبەران لەلایەن هێزەکانی حکوومەتی ئیسلامییەوە، ڕەخساندنی هەلی کار بۆ کۆڵبەران و سوختبەران لە کوردستان و بەلوچستان و باقی ناوچەکانی ئێران و یان لەبەرچاوگرتنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بیمەی بێکاری بۆیان
- کۆتایی هێنان بە بەدواداچوون و لێپێچینەوە لە ئەندامانی سەندیکاکان و ڕێکخراوە کرێکاری و سنفییەکانی موچەخۆران، چالاکانی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانی تر، پارێزراو بوونیان لە هەر جۆرە گوشارێکی ئەمنییەتی، دادوەری و ئابووریی
- ڕاگرتنی ئێعدام و قەدەغەکردنی سزای لەسێدارەدان وەک کردەوەیەکی دژە ئینسانی
- ئازادی بێ شەرت و مەرجی دامەزراندنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، لەوانە سەندیکاکان، فیدراسیۆن و کۆنفیدراسیۆنە کرێکارییەکان، هەروەها مافی مانگرتن وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسی. هەڵوەشاندنەوەی «خانەی کارگەر»، «شۆڕا ئیسلامییەکانی کار»، و سەرجەم ڕێکخراوەکانی سەر بە حکوومەت لە ناوەندەکانی کاردا
- ڕێگریکردن لە تێکدانی ژینگە و نۆژەنکردنەوەی ئەو زیانانەی بەر ژینگە کەوتووە و هەروەها دیفاع لە هەوای پاک.
- پێدانی حەقدەستە وەدواکەوتووەکان، دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەست بەپێی ڕێژەی هەڵاوسان و سەبەتەی بژێوی بنەماڵەیەکی چوار کەسی لە سەرووی هێڵی هەژارییەوە، زیادکردنی مووچە و حەقدەستەکان هاوتەریب لەگەڵ هەڵاوسان. دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەست بە بەشداری نوێنەرانی ڕێکخراوە کرێکارییە ڕاستەقینەکان
- زیادکردنی مووچە بۆ سەرووتر لە هێڵی هەژاریی بۆ سەرجەم پەروەردەکارانی لەسەرکار بە جێبەجێکردنی تەواو و ڕێک و پێکی یاسای بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاری کیشوەری، بە شێوەیەکی کە پەروەردەکارانی وڵات لە سەرجەم ئەو ماف و مەزایانەی کە باقی کارمەندانی دیکەی حکوومەت پێیان دەدرێت، بەبێ هیچ جیاوازییەک بەهرەمەند بن
- گۆڕینی سەرجەم گرێبەستە پەیمانی، سپی واژۆ و کاتییەکان بۆ گرێبەستی کاری دایم، وێڕای بەهرەمەند بوون لە بیمە کۆمەڵایەتییەکان و نایاساییکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو شیرکەتە پەیمانییەکان
- قەدەغەکردنی هەر جۆرە دامەزراندنێک بەپێی ڕێکەوتن لەسەر مووچە و حەقدەستەکان، ناوچەیی، ناوەندێکی کە بە کردەوە ئەو یاسای کارەی ئێستای پێشێل کردووە و لە دانی هەزینەکانی پەیوەست بە بیمەی بێکاری و خانەنشینی و یارمەتییەکانی دیکەی دامەزراندنی سەرمایەدار و خاوەنکارەکان خۆش دەبێت
- جێبەجێکردنی تەرحی تەبەقەبەندی پیشەکان لە بەشە دەوڵەتییەکان و کەرتی تایبەت و سەرجەم ئەو پیشەسازی و کارگە خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنەرانەی کە تەواوی مافەکانی کرێکاران، ئاسانکاری لە بارهێنان و گەشەی پیشەیی و پاراستنی ئەمنییەت و تەندروستی کرێکاران گەرەنتی دەکات
- هەڵوەشاندنەوەی ماددەی ١٥ی پڕۆژە یاسای گەشەپێدانی حەوتەم، کە بە هێشتنەوەی «نیزامی وەستا و شاگردی « ڕێگە بە خاوەن کارگە بچووکەکان دەدات بە پێدانی حەقدەست بەپێی ڕێککەوتن بە ویستی خاوەنکار و بەبێ پابەندبوون بە پێدانی بیمەی بێکاری و خانەنشینی، هەر کەسێکیان ویست، بۆ ماوەی دوو ساڵ دایبمەزرێنن
- ڕاگرتنی بە تایبەتکردنی ناوەندەکانی ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی، کە ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕاهێنان و سەرلەنوێ بارهێنانەوەی کارامەییەکان لە هەموو ئاستەکاندا و بەتایبەتی ڕاهێنانی کرێکارانی پسپۆڕدا دەبینن
- داڕشتنەوەی یاسایەکی نوێی کار بە بەشداریی ڕێکخراوە ڕاستەقینە کرێکارییەکان کە سەرجەم مووچەخۆرانی کەرتە جۆراوجۆرەکانی ئابووری (دەوڵەتی، نیوەدەوڵەتی و تایبەت)، سەرجەم کرێکاران، لەوانە کرێکارانی دایمی، کاتی، نیوە کاتی، وەرزیی، کاری ناوماڵی ژنان، کرێکاری گوندەکان، کرێکارانی ماڵەکان، کرێکارانی دوکانەکان، کرێکارە خێوەت نشینەکان، کرێکارانی کۆڵبەر و کرێکارانی کۆچبەر و پەنابەر
- هەڵوەشاندنەوەی تەرحی بە تایبەتکردن و نیوە دەوڵەتی و ڕادەستکردنی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کارگەکان بە کرێکاران بۆ بەڕێوەبردنی ناوەندەکان لە ڕێگەی تەعاونییەکانی بەرهەمهێنانەوە، بە هاوکاری دەوڵەت
- دابینکردنی تەواوی بیمەی بێکاری،

درێژە لە لاپەڕەی ۴



## درێژە ی پلاتفۆرمی داواکارییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بە بۆنەی ای ئایاری ٢٠٢٤

خانەنشینی، کەمئەندامی، نەخۆشی، ڕووداوەکانی کار، دەرمان و تەندروستی خاوەن کوالێتی و کارامە، بۆ سەرجەم مووچەخۆران و لە یەک وشەدا، دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە و گشتگیر بۆ هەمووان

• نە هێشتنی بەکاڵاییکردنی تەندروستی و دەرمان و دامەزراندنی سیستەمێکی گشتگیری دەرمان و تەندروستی گشتی بێبەرامبەر و خاوەن کوالێتی و یەکسان بۆ هەمووان، وەک مافێکی شارۆمەندی

• نە هێشتنی بەکاڵاییکردنی سیستەمی پەروەردەیی و خوێندنی بێبەرامبەر لە هەموو ئاستەکاندا بەمەبەستی لابردنی باری قورسی هەزینەکانی سیستەمی پەروەردە لەسەر شانی بنەماڵە کرێکار و زەحمەتکێشەکان و هەروەها دابینکردنی خوێندنی خاوەن کوالێتی و ئاستبەرز، یەکسان و بێبەرامبەر بۆ هەمووان، بەجۆرێک کە بەکاڵایی بوونی خوێندن و گوشارەکانی سەر هێزی کار و زحمت، نەبێتە هۆی بێبەشبوونی بەشێک لە منداڵان لە مافی خوێندن

• دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی ئەمن و گونجاو بۆ کرێکاران، پێدانی دەرماڵەی کرێی خانوو بە سەرجەم ئەو بنەماڵە کرێکاری و زەحمەتکێشانەی کە بێ خانوون، بۆ ئەوەی داهاتەکانیان نەکەوێتە ژێر هێڵی هەژارییەوە

• د ا بینکر د نی ئەمنییەتی شوێنی کار بەمەبەستی ڕێگریکردن لە ڕووداوەکانی شوێنی کار. پێویستە ڕێکخراوە کرێکارییەکان بۆ چاودێری و دڵنیابوون لە ئەمنییەتی شوێنی کار و ڕێگریکردن لەو ڕووداوە کوشەندانەی کە هەر ئێستا مەترسین لەسەر تەندروستی و ژیانی کرێکاران، لیژنەی چاودێری سەربەخۆ پێکبهێنن

• پێدانی حەقدەستی یەکسان بە ژنان و پیاوان بۆ کاری یەکسان. قەدەغەکردنی یاسایی و لێپێچینەوە لە سەپاندنی هەر جۆرە داب و نەریتێکی فەرمی پیاوسالارانە بەسەر ژناندا لە شوێنەکانی کار، قەدەغەکردنی جیاکاریی ڕەگەزی لە شوێنی کار، هەڵاواردن و جیاکاری یان دەرکردن بە هۆکارگەلێکی وەک پابەند نەبوون بە جلوبەرگ، مۆڵەتی منداڵبوون و هتد..

• هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردن و ئاپارتایدی جێندەری لە پرسی دامەزراندنەکاندا، کە زیاتر ئەولەوییەت دەدات بە پیاوانی خاوەن ژن و منداڵ و دواتر پیاوان بە بەراورد بە ژنان

• دابینکردنی ئەو ویست و داواکارییانەی خانەنشینان کە لە نارەزایەتییە یەک لە دوای یەکەکانیاندا خراوەتەڕوو، لەوانە: بەرزکردنەوەی حەقدەست و مووچەی خانەنشینی بۆ سەرووی هێڵی هەژاری، بەکردەوە دەرهێنانی یەکسانکردنی حەقدەستی سەرجەم خانەنشینانی ساڵانی ڕابردوو، لەوانە خانەنشینانی کیشوەری، لەشکری، فولاد و بەشی پەیوەندییەکان، بەپێی بڕوانامە و پێشینەی کاری خانەنشینان. ڕاگرتنی سیاسەتی بە تایبەتکردنی سیستەمی خانەنشینی، کە دەوڵەت بە نیازە لە وڵام بە قەیرانی سندووقەکانی خانەنشینی کە بۆخۆی هۆکار و سەبەبکاریەتی، لە پلانی حەوتەمی بە تایبەتکردندا بە تەواوی جێبەجێی بکات

• خستنە ناو چوارچێوەی یاساکانی کاری کارگەکانی ناو ماڵ، کە ملیۆنان ژن و کچ و منداڵ بە شێوەیەکی بێبەزەییانە و لە بارودۆخێکی کۆیلە ئاسادا دەچەوسێننەوە. چاودێریکردن بەسەر ڕەوتی جێبەجێکردنی یاسای کار بۆ ژنانی کرێکار و کرێکارانی تری ناوماڵ و هەروەها دابینکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ هەموویان

• قەدەغەکردنی کاری منداڵانی خوار تەمەنی شانزە ساڵ، قەدەغەکردنی چەوساندنەوە و شێوازە جۆراوجۆرەکانی هەڵاواردن و کەڵک وەرگرتنی خراپ لە منداڵان لە هەر ئاستێکدا، جێبەجێکردنی بێ ئەملاو و ئەولای پرسی خوێندنی ئیجباری بۆ سەرجەم منداڵان و تازە لاوان تا تەمەنی هەژدە ساڵان، قەدەغەکردنی توندوتیژی لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگا بەرامبەر بە منداڵان، کۆتاییهێنان بە دیاردەی منداڵانی سەر شەقام، ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو منداڵان لە سەرجەم ئەو بوارانەی کە پەیوەندییان بە گەشەی جەستەیی و فیکری و فەرهەنگی منداڵانەوە هەیە، دارشتنی یاسای پاراستنی منداڵان بە بەشداری ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی منداڵان

• هەڵوەشاندنەوەی هەر چەشنە هەڵاواردنێکی نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و فەرهەنگی لە پرسی دامەزراندن و ماف و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتیدا. یەکسانی سەرجەم کرێکاران و مووچەخۆرانی سەر بە کەمینە نەتەوەیی، ڕەگەزی، مەزهەبی و فەرهەنگییەکانی ئێران بەبێ هیچ جیاوازییەک لەسەر بنەمای مافی یەکسان بۆ کاری یەکسان




• هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردن لە پرسی دامەزراندنی کرێکارانی کۆچبەری دانیشتووی ئێران، پێدانی مافی نیشتەجێبوونی یاسایی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کۆچبەرانە و هەروەها پێدانی مافی خوێندن بە منداڵەکانیان لە هەموو ئاستەکاندا

• دژایەتی لەگەڵ سەرکێشی کردن لە سیاسەتی دەرەوەدا، نیزامیگەری، دەستتێوەردان لە شەڕە کۆنەپەرستانە ناوچەییەکان کە هەزینە قورسەکەی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر شانی سەرجەم مووچەخۆران

• د ژ ا یە تیکر د ن لەگەڵ جینۆساید، ئاپارتایدی دەوڵەتی ئیسرائیل و دیفاع لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی فەلەستین

• هەشت سەعات کار لە ڕۆژدا، دوو ڕۆژ پشوو لە هەفتەیەکدا و سی ڕۆژ مۆڵەتی ساڵانە لەگەڵ پێدانی حەقدەست بۆ سەرجەم کرێکاران و مووچەخۆرانی وڵات

• پشووی فەرمی یەکی مانگی ئایاری هەموو ساڵێک لەگەڵ پێدانی حەقدەست و هەروەها مافی سەرجەم کرێکاران بۆ بەڕێوەبردنی مەراسیمی یەکی ئایار بە هەر شکڵ و شێوازێکی وەک ( کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان)

بەکردەوە دەرهێنانی ئەم لانیکەمی گۆڕانکاریانە، بۆ ڕێگریکردن لە لەناوچوونی دەروونی و جەستەیی چینی کرێکار، پێویستییەکی سەرەکی و هەنووکەییە. بەدیهاتنی ئەو داواکاریانە هاوکات زەمینەی لێکهەڵپێکرانی خەباتی بەشە جۆربەجۆرەکانی چینی کرێکار لەگەڵ سەرجەم بزووتنەوە پێشڕەو و پێشکەوتنخوازەکان خۆش دەکات و بە لێکهەڵپێکرانی خەبات لەپێناو ئازادی و خەبات لەپێناو نان دا، چینی کرێکار دەبێت بە هێزێکی کە دەتوانێت زۆربەی هەرەزۆری جەماوەر بەیەکەوە یەکگرتوو بکات. لە ئاوا پرۆسەیەکدا هێزە پێشڕەوەکانی کۆمەڵگا دەتوانن لە خەباتێکی هاوبەشدا هێز و توانایی ئەوە بەدەست بهێنن کە لەپێناو دامەزراندنی حکومەتێکی تایبەت بە خۆیان، کە خاوەنی ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی خۆی بێت، حکومەتێک کە لەسەر بنەمای ئازادیی بێ شەرت و مەرجی سیاسی، دێموکراسی گشتگیر و سۆسیالیزمێکی کە لە خوارەوە بنیات نرابێت، خەبات و تێکۆشانی خۆیان هەرچی زیاتر پەرە پێبدەن. هیچ ڕێگەیەکی دیکە بۆ ڕزگاربوون لە بەربەرییەتی سەرمایە و سەرەڕۆ و ستەمکارە ڕەنگاوڕەنگەکانی پشتیوانی، بوونی نییە. لە گەرمەی ئەم نەبەرد و خەباتە پڕ جۆش و خرۆشەدا و لەسەر بەستێنی هاواری بەرزی ئازادی، دێموکراسی و یەکسانی لە سەرتاسەری وڵات

**پیرۆز بێت ڕۆژی خەباتی جیهانی کرێکاران.**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**سەرکەوتوو بێت شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**

**بژی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیزم**

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر)**

**دووشەممە ٣ی گوڵانی ١٤٠٣/ ٢٢ی ئاوریلی ٢٠٢٤**

****

# ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکاری ٢٠٢٤







یەکی ئایار بەڕێوەیە، ئەمساڵ کرێکارانی ئێران لە هەلومەرجێکدا بە پێشوازی یەکی ئایار ڕۆژی هاوپشتی جیهانی خۆیانەوە دەچن کە لەژێر گوشاری بێکاری، گرانی، حەقدەستی خوارتر لە ژێر هێڵی هەژاریی موتڵەق و سەعات کاری درێژماوە و شوێنی کاری لەڕادەبەدەر نائەمن دا، یەکێک لە دژوارترین قۆناغەکانی ژیانی خۆیان لە ماوەی دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا بەسەر دەبەن و لەگەڵ زیانە کۆمەڵایەتییەکانی سەرچاوەگرتوو لە وەها دۆخێکدا دەست و پەنجە نەرم دەکەن. بەڵام بەم حاڵەشەوە چینی کرێکاری ئێران نەک هەر ملکەچی ئەو هەلومەرجە نامرۆڤانە نەبووە، بەڵکوو بە هۆی بەرفراوان بوون و کەڵەکەبوونی دواکاری و بەردەوامی ناڕەزایەتییەکانی، لە ناوەندی خەبات و تێکۆشان لەپێناو گۆڕینی ئەو دۆخەی ئێستادا بووە. ناڕەزایەتی و مانگرتنی بەردەوامی نەیشەکەر، فولاد، چەند بەشێک لە شیرکەتی نەوت و شیرکەتە پەیمانکارییەکان، ناڕەزایەتی خانەنشینان، مامۆستایان و پەرستاران لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا، نموونەی بەرچاوی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیی و داواکاری تەوەرانە بوون. ئەگەرچی ئەم ناڕەزایەتیانە ئاکامێکی ئابووری ئەوتۆیان لێ نەکەوتووەتەوە، بەڵام بزووتنەوەی کرێکاریی ئێرانیان هەنگاوێکی گەورە بەرەوپێشەوە بردووە. گرنگی خەبات و ناڕەزایەتییەکانی ئەم قۆناغەی چینی کرێکار بە تایبەتی لەوەدایە کە ئەم خەباتانە لە جەرگەی شۆڕشی ژنان، ژیان، ئازادی و لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی ئێجگار سیاسیی کۆمەڵگای ئێراندا بەڕێوە دەچن. بۆ کۆماری ئیسلامی کە لە سێبەری خۆیشی دەترسێت، هەر ناڕەزایەتی و مانگرتنێک بە هەڕەشە بۆ سەر تەواوەتی دەسەڵاتەکەی دەزانێت و هەربەم پێیەش هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات، لە وەها بارودۆخێکدا هەر چەشنە بزاڤێکی ناڕەزایەتی، بە کردەوە دەکەوێتە سەر ڕێبازی شۆڕشی ژینا ئاشکرا بوونی پەروەندەی گەندەڵی و دزی هەزاران ملیارد تمەنی و هەروەها سەپاندنی هەزینەی قورسی دەستێوەردانی سەربازی و پاڵپشتی کردن لە بزووتنەوە تیرۆریستییەکان لە ناوەندەکانی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەر خەڵکی ئێراندا، لە کاتێکدا کە زیاتر لە ٧٠٪ی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکراتر، ڕزیوی و پرتووکاوی حکوومەتی جینایەتکاری ئیسلامی دەرخستووە. ئەم دۆخە، بەشە جۆربەجۆرەکانی چینی کرێکاری بەرامبەر بە پرسە سیاسییەکان هەستیارتر کردووە. خێرایی ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان و ئەو بارودۆخە مەترسیدارەی کە لەڕێدایە، بەئاگابوون و وشیار بوونەوەی هەرچی زیاتری جەماوەری کرێکارانی کردووە بە پرسێکی حەتمی. لەم دۆخەدا پێویستە بەمەبەستی یەکگرتوو کردنی ڕیزەکانی کرێکاران و ئامادەکردنیان بۆ خەباتێکی لێبڕاوانەتر و چارەنووسسازتر، هەوڵی زیاتر بەکاربهێنرێت. لەم ڕێگەیەدا هەماهەنگی و سەراسەری کردنەوەی خەبات و ناڕەزایەتییەکان لەپێناو داواکارییەکانی تایبەت بە بارودۆخی کار، ژیان و خۆش بژێوی کرێکاران، پرسێکی زۆر پێویست و گرنگە. کرێکاران لە پرۆسەی ئەم ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە بەردەوامە لەگەڵ خاوەنکار و دەوڵەتدا، وشیارییەکی بەکۆمەڵ سەبارەت بە جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان لە خەباتی سیاسیدا بەدەست دەهێنن و خۆیان وەک چینێک بۆ خۆیان، ڕێکدەخەن و بۆ دیفاع لە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان ڕادەپەڕن ئەگەر ئەمڕۆ یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی چینی کرێکار، بریتییە لە نەبوونی ڕێکخراوی چینایەتی و جەماوەری و نەبوونی ڕێبەرییەکی سەرتاسەریی، ئەوا بزووتنەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران، پلاتفۆرمێکی گونجاو و کاریگەرترین میکانیزمە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو خاڵە لاوازانەدا. لەم ساڵانەی دواییدا، لە دڵی ئەم بزووتنەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتییەی کرێکاراندا، نەوەیەک لە هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی کرێکاریی سەریان هەڵداوە و بوونەت پێشەنگی خەبات و ناڕەزایەتییەکان. ئەم هەڵسووڕاو و ڕێبەرانە، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکاراندا هەبووە.

کرێکاران لە درێژەی ئەم مانگرتن و ناڕەزایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ خاوەنکاران و دەوڵەت لە ئاستێکی جەماوەریدا، دەرک بەو ڕاستییە دەکەن کە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئینسانی، پێویستە نەک هەر لە کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لەم پەیوەندییە سیاسی و چینایەتییە زاڵەی ئێستاش تێپەڕ ببن. تەنیا چینێکی کرێکاری ڕێکخراو و خاوەن وشیاریی چینایەتی، دەتوانێت ویست و داواکارییە ڕەواکانی خۆی بەسەر سەرمایەداراندا بسەپێنێت. تەنیا چینێکی کرێکاری ڕێکخراو و خاوەن ئاگایی چینایەتی دەتوانێت، ئازادی ڕاستەقینە بۆ جەماوەی خەڵک بەدیاری بهێنێت. تەنیا کرێکارانی ڕێکخراو و خاوەن ڕێبەرییەکی سیاسی دەتوانێت پێداویستییەکانی ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و پێشڕەوییەکانی شۆڕش گەرەنتی بکات. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕۆژی یەکی ئایار ئەم هێمای هاوپشتییە شکۆدارە چینایەتی و ئەنترناسیۆنالیستییە، لە سەرجەم کرێکاران پیرۆزبایی دەکات و هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانە و ماندوونەناسانەی، ڕێکخەرانی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان لەم ساڵە سەخت و دژوارەدا کە تێپەڕمانکرد، بەرز دەنرخێنێت

**بژی یەکی ئایار**
**بڕووخێت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**
**بژی ئازادی و سۆسیالیزم**
**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**٧ی گوڵانی ١٤٠٣/ ٢٦ی ئاوریلی ٢٠٢٤**

****

پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
:Add
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست یاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

# نەریتی ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانی کرێکار لە کوردستان




لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە خەبات و خۆڕاگریی لە کوردستان، گەلێک نەریتی پێشکەوتنخوازانەی بەنرخ لەم کۆمەڵگایەدا جێکەوتووە. یەکێک لەو نەریتانە، بریتییە لە ڕۆژی جیهانی کرێکار. ئەم نەریتە لە دژوارترین ڕۆژەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و لە دۆخێکدا کە شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق، هەموو بوارەکانی ژیانی ئەم کۆمەڵگایەی خستبووە ژێر کاریگەری خۆی و تەنانەت لەژێر نووکی سەرنێزەی دوژمندا، بەرزڕاگیراوە. لەم ڕێگەیەدا گەلێک گیانبازی و فیداکاری کراوە، زیندانی و ئەشکەنجە و دەربەدەری و هەروەها بێکاری و لەسەرکار دەرکران و هتد، تەحەمول کراوە، بەڵام ئاڵای یەکی ئایار لە کوردستان بەردەوام شەکاوەتەوە. ڕژیمی دژە کرێکاریی کۆماری ئیسلامی، **لەم پێوەندییەدا تەنانەت کرێکارانی خەباتکار و تێکۆشەری وەک «جەماڵ چراغ وەیسی» و «عەبدوڵڵا بیۆسە»ی لەسێدارە دا، بەڵام بێ ئاکام بوو.** ئەم خۆڕاگریی و کۆڵنەدانە ڕژیمی ناچار کردووە کە ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی پشوو بە فەرمی بناسێت. ئەگەرچی بەمەبەستی ڕێگریکردن لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی سەربەخۆی کرێکاریی، ڕێوڕەسمی دەوڵەتی بەڕێوەبردووە، بەڵام لە کوردستاندا وەک نەریتێکی جێکەوتوو، ئەم ڕێوڕەسمە دەوڵەتیانە بایکۆت دەکرێن

* ١١ی گوڵانی ساڵی ١٣٥٨ لە بارودۆخێکدا کە هێشتا دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی بەسەر کوردستاندا زاڵ نەببوو، ڕۆژی جیهانی کرێکار لە هەموو شارەکانی کوردستان بەشێوەیەکی شکۆدار بەرز ڕاگیرا. لەو ڕۆژەدا ڕێپێوانێکی شکۆدار لە شاری مەهاباد بە بەشداریی هەزاران کەس بەڕێوەچوو، کە نمایشێک بوو لە هێزی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو شارە

* ساڵی **١٣٦٢** لە کەشێکی تەواو نیزامی و شەڕدا و لە لوتکەی سەرکوت و خەفەقاندا، ڕۆژی جیهانی کرێکار لە شاری مەهاباد لە ئاستێکی بچووک بەڵام هێندە پڕ جۆش و خرۆش و خەباتکارانە بەڕێوەچوو کە لە یادەوەرییەکاندا هەروا دەمێنێتەوە. ئەو بزاڤە سەرەتاییە لەو سەردەمی گوشار و خەفەقان و سەرکوتەدا، ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگی هەبوو لە زیندوو ڕاگرتنی ئەم نەریتە کرێکارییەدا، کە هیچکات لەبیر ناکرێت

**نموونەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمە شکۆدارەکانی ڕۆژی جیهانی کرێکار، بریتی بوو**

* لە ڕۆژی ١١ی گوڵانی **١٣٦٦** لە شاری سنە. لەو ڕۆژەدا، سەرەڕای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە زووەوە خۆی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کۆڕ و کۆبوونەوە کرێکارییەکان ئامادە کردبوو و بە کۆکردنەوەی هێزە سەرکوتگەرەکانی و وەڕێخستنی تەبلیغاتی جەنگی، کۆنترۆڵکردنی شەقامەکان، گەمارۆدانی گەڕەکە کرێکارییەکان و پشکنینی جەستەیی بەربڵاو، هاتبووە مەیدان و پێشوەختە ڕایانگەیاندبوو کە نابێت هیچ ڕێوڕەسمێکی سەربەخۆ بەڕێوەبچێت، بەڵام لە ڕۆژێک بەر لە ١١ی گوڵانەوە کرێکاران و زەحمەتکێشانی شاری سنە دەست بەکار بوون و بانگەوازی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئەم ڕۆژەیان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە گەڕەکە کرێکارییەکاندا بڵاوکردەوە. سەرەنجام چەندین مەراسم لە «پاساژی عیزەتی، کارگەی جلوبەرگ، کارگەی شاهۆ» و لە نێو کرێکارانی «قەناد» و بنەماڵە کرێکارییەکان بەڕێوەچوو. بڕیارنامەی یەکی ئایاری **١٣٦٦**ی کرێکارانی سنە، جگە لە داخوازی بە فەرمی ناسینی ڕۆژی کرێکار و ڕاگەیاندنی ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی پشوو، داخوازی مافی ڕێکخستن و مانگرتن، ٤٠ کاتژمێر کار لە هەفتەیەکدا، حەقدەستی گونجاو لەگەڵ ئاستی هەڵاوسان، قەدەغەکردنی کاری منداڵانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ، گرنگیدانی تایبەت بە ژنانی کرێکار و چەندین ویست و داواکاری دیکەشی لەخۆ گرتبوو

نموونەیەکی تر لەو ڕێوڕەسمە شکۆدار و خەبکارانەی کە لە مێژووی خەباتی کرێکاریی کرێکارانی ئێراندا جیگە و پێگەیەکی تایبەتی هەیە، بریتییە لە ڕێوڕەسمی یەکی *ئایاری **١٣٦٨** لە شاری سنە. لەو ڕۆژەدا کۆبوونەوەیەکی بەرینی کرێکاران لە هۆڵی وەرزشیی تەختیی شاری سنە بەڕێوەچوو. ڕێوڕەسمەکە بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ دەستی پێکرد و دواتر بە وتاری گەرم و گوڕ و پڕ جۆش و خرۆشی کرێکاری کۆمۆنیستی گیانبەختکردوو «جەماڵ چراغ وەیسی» درێژەی پێدرا. ناوبراو لە وتارە تێر و تەسەلەکەیدا، وێڕای ئاماژە بە بارودۆخی دژواری ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، لەسەر پێویستی یەکگرتوویی و یەکڕیزی و هەروەها پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان و بەهێزکردنی ڕیزەکانی خەبات لە دژی سیستەمی سەرمایەداری و هەلومەرجی نایەکسانی ناو کۆمەڵگا، جەختی کردەوە. دیمەنی پڕشکۆی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی یەکی ئایاری **١٣٦٨**ی شاری سنە هەرگیز لەبیر ناچنەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا بڵێسەی ڕێوڕەسمەکانی ڕۆژی جیهانی کرێکار لە شاری سنە هەرگیز خامۆش نەبووە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، هەر ساڵە و نەریتێکی نوێی، لەخۆی بەجێهێشتووە. کرێکاران و هەڵسووڕاوانی کرێکاریی شاری سەقزیش بەردەوام لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی ڕۆژی جیهانی کرێکار، لە زومرەی پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاریی بوون. *لە ساڵەکانی **١٣٦٩** و **١٣٧٠** و **١٣٧١**دا شاهیدی بەڕێوەچوونی گەلێک نموونەی شکۆدار و بوێرانەی ڕێوڕەسمی کرێکاریی بووین

**پڕ جۆش و خرۆشترین نموونە لە ساڵی ١٣٨٤دا بەڕێوەچوو.** لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا هەڵسووڕاوانی کرێکاریی ئەم شارە، بەردەوام زیندان و ئەشکەنجە و هەڕەشەکانی ڕژیمیان بە گیان کڕیوە، بەڵام هەرگیز نەیانهێشتووە ئاڵای ئەم ڕۆژە مێژووییە وەک هێمای هاوپشتی چینی کرێکار، بکەوێتە سەر زەوی. ئەم نەریتە لە لایەن کرێکارانی پێشڕەو و بنەماڵەکانیانەوە هەموو ساڵێک لە زۆربەی شارەکانی کوردستان، لەوانە کرماشان، شنۆ، بۆکان، مەریوان، بانە، کامیاران و دیواندرە و ڕەبەت و سەردەشت، بە شێوازی جۆراوجۆری وەک ڕێپێوانی سەر شەقام، کۆڕ و کۆبوونەوە لە ناو شار و هەندێک جار لە دەرەوەی شارەکان، بەردەوام زیندوو ڕاگیراوە. تێکۆشەرانی کرێکاریی لەم بۆنەیەدا بەربەستەکانی سەرکوت و خەفەقانی ڕژیمیان تێپەڕاندووە و هەموو ساڵێک بە جۆش و خرۆشەوە پێشوازییان لەم ڕۆژە جیهانییەی خۆیان کردووە. ئەم نەریتانە و بوونی هەڵسووڕاوان و کرێکارانی پێشڕەو، ئەو هیوایە بەهێزتر دەکات کە ئەمساڵیش سەرەڕای هەر ئاستەنگێک، جەماوەری کرێکاران، لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی بەرزڕاگرتنی ئەو ڕۆژە مێژووییە غافڵ نابن و بە هەر شێوەیەک کە بۆیان بکرێت، ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

****

**لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا**
@Komalamedia
@Komala

**ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
Tvkomala.com

**ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام**
Payaam.net

**ماڵپەڕە حیزبیەکان**
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٤٨-نیوەی یەکەمی مانگی گوڵان ١٤٠٣ -ئایاری ٢٠٢٤

## ڕژیم، بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، گۆڕی خۆی زیاتر هەڵدەکەنێ




بێ دادگایەک لە شاری ئیسفەهان، بە تۆمەتی درۆ و بێ بنەما، سزای لە سێدارەدانی بۆ تۆماج ساڵحی هونەرمەند و دەنگی زوڵاڵی شۆڕشگێڕان لە ئێران دەرکرد. ئەم حوکمە لە جەرگەی پەرەسەندنی هێرشەکان بۆ سەر ژنانی ئازادپۆش، چڕبوونەوەی گوشارەکان بۆسەر زیندانیانی سیاسی و بەڕێوەبردنی ئێعدامی بە کۆمەڵ بە مەبەستی دروستکردنی فەزای ترس و خۆفی زیاتر بەسەر کۆمەڵگادا دەرچووە و لاپەڕەیەکی دیکەی بە پەروەندەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە زیاد کردووە. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەییرۆژی چوارشەممە ٥ی گوڵان بەرامبەربە ٢٤ی ئاوریل،ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی سەبارەت بە دۆخی نالەباری مافی مرۆڤ لە جیهاندا بڵاوکردەوە. بەشێکیراپۆرتەکە تایبەتە بە ئێران و تیایدا ئاماژە بەوە کراوە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دوابەدوای بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»، سەرکوتی ئازادیبیرادەربرین، پێکهێنانیرێکخراوە و بەڕێوەچوونی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاشتیانەی چڕتر کردووەتەوە و سەرکوت و هێرشەکانی بۆسەر ئەو ژن و کچانەی کە لە حیجابی ئیجباری سەرپێچی دەکەن، تەنانەت لە ساڵیرابردووش زیاتر کردووە. بە پێیراپۆرتیڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی، هەزاران کەسیان بەتاوانی خەبات لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیاندا، خستووەتە ژێر لێپێچینەوە، دەستبەسەریان کردوون و سزای ناڕەوای زیندانیکردنیان بەسەردا سەپاندوون. لە درێژەی ئەمراپۆرتەدا هاتووە: لەم سەرکوتکردنانەدا «بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری هەڵسوکەوتی خراپ، بە شێوەیەکی سیستماتیک بەڕێوە دەچێت. ژنان و کچان، پەلکەزێڕینەکان و ئەندامانی کەمینە نەتەوەیی،ڕەگەزی و ئایینییەکان، لەگەڵ توندوتیژی و هەڵاواردنی سیستماتیک بەرەوڕوو بوونەتەوە. سزای ستەمکارانە و نامرۆڤانەی وەک شەلاق لێدان جێبەجێ دەکرێت. بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدان وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتی سیاسی، چڕتر بووەوە و ژمارەی ئێعدامەکان زیاتر بوون. سەرجەم دادگاییکردنەکان نادادپەروەرانە بوون. بابەتی پارێزراوبوونی سەرپێچیکارانییاسا نێودەوڵەتییەکان، هەم لەڕابردوودا و هەم لە ئێستادا بە تایبەت بۆ جینایەت لەدژی مرۆڤایەتی پەیوەست بە کوشتاری زیندانیانی [سیاسی] ساڵی ١٣٦٧، بابەتێکی باو و سیستماتیک بووە»

هەروەها لە بەشێکی دیکەی ئەوڕاپۆرتەدا هاتووە کە هەزاران کەس لە ئێران، لەوانە منداڵانیش، لەگەڵ بەدواداچوون و بێڕێزی پێکردن و دەستبەسەرکرانی لەخۆڕا و لێپێچینەوەی نادادپەروەرانە بەرەوڕوو بوونەتەوە و بۆ ماوەیەکی کاتییان هەمیشەیی لە کار دوور خراونەتەوە. ئەم کەسانە بریتین لە نارازیان، ئەو ژنانەی کە لە شوێنە گشتییەکان حیجابڕەچاو ناکەن،ڕۆژنامەنووسان، ئەکتەر و هونەرمەندان، مۆسیقارەکان، نووسەران و ئەکادیمییەکان، خوێندکاران، پەلکەزێڕینەکان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، لەوانە داکۆکیکارانی مافی ژنان، چالاکانی دژ بە سزای لەسێدارەدان،پارێزەران و بنەماڵەی دادخوازان. نووسەرانی ئەوڕاپۆرتە بە حەق وەبیریان هێناوەتەوە کەڕژیمی ئێران، لە بێدادگاکاندا سزای ئێعدامی بەسەر کۆمەڵێک ئینسانی بێ دیفاعدا سەپاندووە و بە بیانووی جۆراوجۆر لەسێدارەیان دەدات، بۆ ئەوەی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگادا پەرە پێبدەن. لەمڕاپۆرتەدا هەروەها باس لە نەبوونی ئازادیبیرادەربرین، پێکهێنانیرێکخراوە، مانگرتن، سا نسۆ ر کر د نیڕ ا گە یە نە ر ە گشتییەکان،ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب و هەڵاواردن و دەستدرێژیکردنە سەر موڵک و ماڵ و ژیانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان و بارودۆخی ترسناکی ناو زیندانەکان کراوە. لەوڕاپۆرتەدا گوشارەکانی سەر ئەفغانییەکانیش کە ژمارەیان بە نزیکەی پێنج ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت، لەبیرنەکراوە و لەو بابەتەوە هاتووە: «ئەفغانییەکان دەبنە قوربانی هەڵاواردنێکی بەردەوام، لەوانەڕێگریکردن لە دەستڕاگەیشتنیان بە خوێندن، شوێنی نیشتەجێبوون، کار، چاودێرییە تەندروستی و خزمەتگوزارییە بانکییەکان و بێبەشبوون لە مافی هاتوچۆی ئازاد». لەوڕاپۆرتەدا هەروەها ئاماژە بە چاندنی تۆوی نەفرەت و بێزاریڕەگەزپەرستانە لە دژی ئەفغانییەکان کراوە لەلایەنڕاگەیەنەرەکانەوە

لەڕاپۆرتی ساڵانەیرێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی دا کە لە ٤١٨ لاپەڕە پێکهاتووە، باس لەوە کراوە پێشێلکاریی ئاشکرایاساکان لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بەڕادەیەک بەرچاوە کە جیهانی لەمڕووەوە گەیاندووەتە ئاستی خاڵێکی وەرچەرخان. ئەوڕاپۆرتە دەڵێت کە دۆخی مافی مرۆڤ لە ١٥٥ وڵاتدا خراپتر بووە. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ئاماژەی بە پێشێلکردنی ئاشکرای مافی فەلەستینییەکان تا ڕادەی جینۆساید لە غەززە کردووە و بیری هێناوەتەوە کە دەوڵەتە زلهێزەکان لەم بابەتەدایارمەتیدەری ئیسرائیلن. ڕاپۆرتەکە هەروەها باسی لە شکڵگرتنی نایەکسانییەکان لە ئاستی جیهاندا کردووە و دەڵێت کە ئەم بابەتە لە ئێران لەچاو شوێنەکانی دیکە گەلێک بەرچاوترە. سەرکوتی حەقدەستی کرێکاران و پەرەسەندنی بێکاریی ملیۆنی و هەژاری لەڕادەبەدەر، منداڵانی کار و سەرشەقام و هەروەها گەلێک ئازار و نەهامەتی دیکەی سەرچاوەگرتوو لەو نایەکسانیانەش، دەبێ وەک پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ هەژمار بکرێن

جێگەی ئاماژەیە کە سەرجەم ئەو تاوانکاری و هەڵاواردنانە لە هەموو وڵاتەکان و بە تایبەت لە ئێران لەگەڵ خەبات و نارەزایەتی بەربڵاوی ژنان و کرێکاران و چین و توێژە مافخوازەکانی دیکە بەرەوڕوو بووەتەوە و ڕژیمیان تووشی داماویی و سەرلێشێواوی کردووە. چڕبوونەوەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، پەرەسەندنی هەموو جۆرەکانی گوشار لە دژی جەماوەری مافخواز و خەباتکار و هەروەها دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدان لە دژی هونەرمەندێکی بەناوبانگی وەک تۆماج ساڵحی، نیشانەی ئەوپەڕی ئەم داماویی و سەرلێشێواویەیە. ئەم خەبات و نارەزایەتیانە لەسەر بەستێنی قەیرانە قووڵ و چارەهەڵنەگرەکان،ڕژیم بەرەو هەڵدێر و نەمان دەبەن. پێویستە هەوڵ بدرێت کە دوای کۆماری ئیسلامی، حکوومەتێکی شۆڕایی بێتە سەر کار کە دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئەولەویەتی ئەرکەکانیدا بێت

****

## پشت بەستن بە جەلاد و پەتی سێدارە بەمەبەستی مانەوەی ڕژیم، بێ سەمەرە



ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی گوڵان، پارێزەری مەحمود مێهرابی ڕایگەیاند کە دادگایەک لە ئیسفەهان بە شێوەی زارەکی و بەبێ ئاگادارکردنەوەی فەرمی، بە تاوانی گەندەڵی، حوکمی لەسێدارەدانی موکلەکەی پێڕاگەیاندووە. ناوبراو دەڵێت لە دۆسیەی موکیلەکەیدا تەنانەت یەک تۆمەتی ئەوتۆی گەندەڵی زەوی بوونی نییە کە لەگەڵ لە یاسای خودی ئەم ڕژیمەدا بگونجێت. مەحمود مێهرابی لە ڕێبەندانی ساڵی ١٤٠١وە لەژێر ئەشکەنجەدا بووە و دادوەرە بەکرێگیراوەکەی تەنیا بەهۆی چالاکی لە دنیای مەجازیدا ئەم حوکمە نامرۆڤانەی بەسەردا سەپاندووە. دەزگای دادوەری ئیسفەهان کە بە ڕسوایی و گوێ لەمست بوون ناوبانگی دەرکردووە، ڕۆژی ٢٥ی ئاوریل، بەبێ پشتبەستن بە هیچ هۆکارێکی یاسایی، سزای لەسێدارەدانی بۆ ڕاپەری شۆڕشگێڕ تۆماج ساڵحیش دەرکرد. بەڵام ڕژیم ڕۆژی ١٦ی گوڵان تەنیا بە دەرکردنی حوکمی ئێعدام نەوەستا، بەڵکوو هاوکات سزای لەسێدارەدانی دوو بەندکراوی لە زیندانی زەنجان و بەندکراوێکی لە زیندانی دیزڵ ئابادی کرماشان بەڕێوە برد. چوار ڕۆژ پێشتریش، واتە بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی گوڵان، ڕژیم ئەنوەر خزری، خەڵکی شاری مەهابادی دوای نزیکەی ١٥ ساڵ دەستبەسەربوون بە تۆمەتی بیروباوەڕی ئایینی، لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج لە سێدارە دا. پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە چەندین زیندانیی کورد، لە دادگای چەند خولەکێدا بە تۆمەتی بیروباوەڕی ئایینی، سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە

بەپێی هەواڵەکان ڕۆژێک دوای لەسێدارەدانی ئەنوەر خزری، دوو کەسی دیکە لە زیندانەکانی ئەردەبیل و کەرەج لەلایەن ڕژیمەوە لەسێدارەدران. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران ڕۆژی پێنجشەممە ١٣ی گوڵان ڕایگەیاند کە لە دوو حەوتووی ڕابردوودا «کۆماری ئیسلامی لە هەر پێنج کاتژمێردا کەسێکی لە سێدارە داوە». هەروەها لە دوو هەفتەی کۆتایی مانگی ئاوریل دا حوکمی لەسێدارەدانی ٦٣ زیندانی لە زیندانەکانی ئێراندا جێبەجێ کراوە. بە پێی داتاکانی ئەو ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ، لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا ١٧١ کەس لە زیندانە جیاجیاکانی ئێران لە سێدارە دراون. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی پێشتر لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندبوو کە ساڵی ٢٠٢٣ لانیکەم ٨٥٣ کەس لە ئێران لە سێدارە دراون. ئەگەرچی ئێعدامەکان بەردەوام لەگەڵ دژایەتی و نارەزایی زۆرێک لە هاووڵاتیانی ناوخۆ و دەرەوە بەرەوڕوو بووەتەوە، بەڵام لە بەفرانباری ٩٦وە و بە تایبەتی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی»ەوە زیاتر پەرەی سەندووە. ئەم نارەزایەتیانە بەتایبەت دوابەدوای حوکمی لەسێدارەدان بۆ تۆماج ساڵحی، لە ناوەوە و دەرەوە و تەنانەت لەناو زیندانەکان لەلایەن زیندانیانی سیاسیی خەباتکارەوە، ئاستێکی بەرینتری بەخۆیەوە گرتووە

پەنابردنە بەر جەللاد و پەتیسێدارە، هەر لە سەرەتای دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامییەوە بەردەوام بووە و لە شۆڕشی ژینا بەملاوە خێراتر بووە. چونکە ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە، ترسی مەرگی حەتمی خستووەتە دڵی بەرپرسانی ئەم ڕژیمەوە. پەرەسەندنی ژمارەی ئێعدامەکان لەو ماوەیەدا هاوکات بووە لەگەڵ توندتر بوونەوەی هێرشی وەحشیانە بۆ سەر ژنانی خوازیاری جلوبەرگی دڵخواز، چڕبوونەوەی گوشارەکان بۆ سەر هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و زیندانیانی سیاسی، هێرشی زیاتر بۆ سەر کۆڵبەران لە کوردستان و سوختبەران لە بەلوچستان و هەروەها بەهاییەکان بە پانتایی ئێران. گرتنەبەری سیاسەتی مانەوە بە پشت بەستن بە پەتی سێدارە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بە پێچەوانەی دەیەی شەست، نەک هەر جەماوەری تووڕە و بێزاری چاوترسێن نەکردووە، بەڵکوو بۆتە هۆی هاندانیان، بۆ چوونە ناو سەنگەری خەباتی ڕاستەوخۆ لەدژی ڕژیم و لەگۆڕنانی ئەو دەسەڵاتە. پەرەسەندنی بێوێنەی نارەزایەتییەکان دژ بە سزای لەسێدارەدان، یەکێکە لە بەڵگە سەلمێنەرەکانی ئەم ڕاستییە. بەڵام بۆ لەکارخستنی ماشێنی ئێعدامی ڕژیم و کۆتایی هێنان بە سزای لەسێدارەدان، پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێت و تاکتیکی هێرشبەرانەتر بگیرێتەبەر و ئاستی نارەزایەتی و داخوازییەکان بەرز بکرێتەوە. پێویستە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی، نارەزایەتییە پرش و بڵاوەکانی خۆیان زیاتر ڕێکبخەن، بەردەوامی پێبدەن و «سزای لەسێدارەدان دەبێ هەڵبوەشێتەوە»، بکەن بە ف، هیەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی خۆیان. ئەوان بەم شێوەیە دەتوانن دادخوازان و نەیارانی سزای لەسێدارەدان، لە ناوەوە و دەرەوە لەگەڵ خۆیان بخەن. پێویستە جەماوەری خەڵک لەو ڕاستییە تێبگەن کە ئێعدام لە دەستی ڕژیمدا، ئامرازێکە بۆ پێکهێنانی ترس و خۆف لە کۆمەڵگادا، نەک بۆ دابینکردنی ئەمنییەت. لەسێدارەدان، نەک هەر لە هیچ وڵاتێکدا ئارامی و ئەمنییەتی پێک نەهێناوە، بەڵکوو ئاکامی پێچەوانەی بووە. ڕاستی ئەم بابەتە لە ڕژیمێکدا کە بە پشتبەستن بەوپەڕی سەرکوت و توندوتیژی، شەڕی لەدژی خەڵک ڕاگەیاندووە، زیاتر دەردەکەوێت. هەر لە ئەمڕۆوە دەتوانرێت ڕژیم تاڕادەیەک ناچار بە پاشەکشە بکرێت سەبارەت بە ئێعدامەکان و هێرش بۆسەر ژنانی ئازادپۆش و هیتر، بەڵام مەرجی کۆتاییهاتن بە سزای ئێعدام و هەر چەشنە بەڵا و نەهامەتییەکی تر لە ئێران، بریتییە لە ڕووخاندن و لەگۆڕنانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی

****

# سەرکوت و زەخت و زۆر، بە دادی کۆماری ئیسلامی ناگات

ن : بێهرووز ناسری





کۆماری ئیسلامی لە کاتێک دا لەگەڵ ئەو هەموو قەیران و ئاستەنگە زۆرەی چ لە ئاستی ناخۆی ئیران و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرەوڕووە، سیاسەتی سەرکوت و گوشار لە دژی ژنان و هەڵسووڕاوانی کرێکاریی، مامۆستایان و هەر کەسێکی کە بە جۆرێک دژ بە سیاسەتەکای کۆماری ئیسلامی بوەستێتەوە، گرتۆتەبەر و بەمەبەستی پێکهێنانی فەزای وەحشەت لە کۆمەڵگای ئێراندا و درێژە پێدان بە دەستەڵاتی نگریسی خۆی، ڕێژەی لە سێدارەدانی لاوانی شۆڕشگێڕ و ناڕازی پەرەپێداوە. ماوەیەک بەر لە یەکی ئەیار ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار، ڕژیمی ئیسلامی لە لایەکەوە هەڕەشەی لە زۆریەک لە هەڵسووڕاوانی کرێکاری کرد و ژمارەیەکی دەستبەسەر کرد تا کۆسپ بخاتەسەر ڕێگەی بەڕێوەبردنی مەراسیمی یەکی ئەیار و لە لایەکی دیکەوە شەقامی شارەکانی میلیتاریزە کرد و هێزە سەرکوتگەرەکانی لە زۆر شوێنی شارەکان دامەزراند. کۆماری ئیسلامی هەر ئەو سیاسەتە سەرکوتگەرانەیەی لە دژی مامۆستایانیش کە دەیانویست لە ڕۆژی موعەلیمدا بێنەسەر شەقامەکان تا خواستی حەقخوازانەی خۆیان دەربڕن، بەڕێوە برد. بەم جۆرە کۆماری ئیسلامی ئێران بە بەکار هێنانی توندوتیژی، هەڕەشە و میلیتاریزە کردنی شارەکان، پێشی بە بەڕێوەچونی مەراسیم و خۆپیشاندان لە ڕۆژی کرێکار و ڕۆژی موعەلیمدا گرت. سەرەڕای ئەو هەموو توندوتیژیانە لە دژی کرێکاران و مامۆستایان، کۆماری ئیسلامی شەڕێکی ئاشکرای لە دژی ژنان ڕاگەیاندووە و بە زەبر و زۆری هێزە سەرکوتگەرەکانی و سزای زیندان و جەریمە لە دژی ژنانێک کە خوازیاری پۆشینی جلوبەرگی ئیختیارین، دەیهەوێت حیجابی زۆرەملێ بەسەر ژناندا بسەپێنێت، کە تا ئیستا لە گەڵ بەرخۆدانی بەربڵاوی ژنان لە شارە گەورەکاندا ڕوبەڕوو بۆتەوە و لەو بوارەدا شکستی خواردووە. پرسیاری گرینگ ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی دەتوانێ بە بەکارهێنانی زەبروزەنگ، پێکهێنانی فەزای وەحشەت، گرتن و زیندانیکردن لە دژی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە جەماوەرییەکان وەک بزوتەوەی کرێکاری، ژنان و مامۆستایان و زیاتر کردنی ڕێژەی لەسێدارەدانی شۆڕشگێڕان بەمەبەستی دامرکاندنی خەبات و ناڕەزایەتی جەماوەری و هەروەها درێژەدان بە دەستەڵاتی سەرکوتگەرانەی خۆی، سەرکەوتوو بێت. هەر لەسەرەتاوە ئەوە بڵێم کە جوابی ئەو پرسیارە بێشک نەرێنییە. کۆماری ئیسلامی ئەگەر بۆ کورتماوە بتوانێت کەندوکۆسپ بخاتە سەر ڕێگای خەباتی بزوتنەووەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە جەماوەرییەکان و تەنانەت بتوانێت کە پێش بە بەڕێوەبردنی مەراسیم و خۆپیشاندانەکانی یەکی ئەیار و ڕۆژی مامۆستایانیش بگرێت، لە درێژماوە دا بێ هیچ شک و گومانێک سەرکەوتوو نابێت. ئەمساڵ پێشی بە خۆپیشاندان و مەرسیمەکانیان گرت، ساڵی داهاتوو و ساڵەکانی دوواتر چی دەکات؟

با لێرەدا ئاماژە بە چەند بابەتێکی گرینگ بکەین

- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاستی ئاڵوگۆڕدایە. شەڕی دەوڵەتی دەستەڕاستی ئیسرائیل و گروپە ئیسلامیەکان کە بۆتە هۆی وێران بوونی یەک شاری گەورەی دوو ملیۆنی وەک غەززە، کوژرانی زیاتر لە ٣٥ هەزار فەلیستینی و ئاوارەبوونی سەدان هەزار نەفەر لە خەڵکی شاری غەززە، سێبەری خستووەتە سەر دۆخی سیاسی تەواوی ناوچەکە. لە ڕاستیدا لە پشت شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس، ململانێی زلهێزەکان و چەندین دەوڵەتی ناوچەکە بوونیان هەیە. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو ٤٥ ساڵەی تەمەنیدا، بەردەوام شوعاری فەوتانی ئیسرائیلی داوە و لە ئیدامەی سیاسەتە پان ئیسلامیستیەکەیدا گرووپی جۆراجۆری لە وڵاتانی لوبنان، سوریە، عێراق و یەمەن پێک هێناو موجەهەز و موسەلەحی کردن تا وەک هێزی چەکدار لەو وڵاتانە هەر کات کە بیهەوێت، بەکاریان بهێنێت
- پێش ٧ی ئۆکۆبر ٢٠٢٣ کە حەماس حەملەی کردە سەر ئیسرائیل، قەرار بو کە ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی و چەند وڵاتی دیکەی حەوزەی کەنداو، پەیماننامەی ئیبراهیم ئیمزا بکەن، کە بە دەست پێکردنی شەر ئیمزای ئەو پەیماننامەیە وەدووا کەوت، بەڵام ئێستا کە دەنگۆی موزاکرە و ئیحتمالی تەوافوق و سازان بۆ ئاگربەس لە نێوان ئیسرائیل و حەماس لە ئارادایە، ئیحتیمالی هاتنەگۆڕێی دوبارەی پەیمانی ئێبراهیم زیاتر بووە. شەرتی عەرەبستان بۆ ئیمزای پەیمانی ئیبراهیم ئاگربەس و بەڕەسمییەت ناسینی دەوڵەتی فەلیستینە. ئەو پرۆسەی کە ئێستا لە ئارادایە، لە کێبەرکێی نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە زیانی کۆماری ئیسلامی تەواو دەبێت. کۆماری ئیسلامی دەزانێت کە دۆڕاوی ئەو کێبڕکێیە لە ناوچەکەدایە، هەر بەوهۆیە وڵاتانی ناوچەکە بە هێرشی موشەکی و فرۆکەی بێفرۆکەوان تەهدید دەکات. کۆماری ئیسلامی لە دوای حەت مانگ شەڕ لە غەززە و یەکجار حەملەی ڕاستەوخۆ بۆسەر ئیسرائیل، بۆی دەرکەت کە ناتوانێت ئیسرائیل بفەوتێنێت، مەخسوسەن کاتێک کە دەوڵەتانی ئامریکا، ئینگلیس، ئاڵمان و فەڕانسە لایەنی ئیسرائیلن
- یەکێک لە ئەگەرەکانی دووای ئەو دۆخەی ئێستا ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بو مانەوەی خۆی پاشەکشە بکات و هەم لە شوعاری فەوتانی ئیسرائیل بێتەخواری و لەگەڵ بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل بسازێت و هەم لە ئاست پێکهاتنی دەوڵەتی فەلیستین کە تا ئێستا موخالیفی بووە، سکووت بکات و ئەو قۆدرەتەی نەمێنێت کە لە بەرامبەر خواستی پێکهاتنی دەڵەتی فەلیستین دا مقاومەت بکات. کۆماری ئیسلامی کە مەجبوور بە قبوولی پێکهاتنی دەوڵەتی فەلیستین بێت و لە شوعاری فەوتانی ئیسرائیل پاشەکشە بکات، ئەوکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تاک دەکەوێتەوە، کەلێن و ناکۆکی لە نێوان کۆماری ئیسلامی و گرووپە ئیسلامیەکان، جێگە و پێگەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە زۆر لاواز دەکات،
- ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا کۆماری ئیسلامییەکی لاواز تەرجیح دەدەن. هەم کۆماری ئیسلامی و هەم دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا، تەنانەت ڕوسیە و چینیش ئەوانە دەزانن. هەر بۆیە بە قازانجی ئامریکا و ئەورووپایە کە کۆماری ئیسلامی بمێنێت و تا ئەو جێگایەی کە بتوانن پێش بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەگرن
- سەرەڕای ئەو وەزعییەتەی کە باسمان کرد، کۆماری ئیسلامی ناتوانێت قەیرانی ئابووری لە ئێران چارسەر بکات، ناتوانێت زیندانیانی سیاسی ئازاد بکات، ناتوانێت ئازادیە تاکەسییەکان بەڕەسمییەت بناسێت، ناتوانێت ئازادی سیاسی و مافی ڕێکخراوبوون بۆ کرێکاران، ژنان و جەماوەری دیکە بەڕەسمییەت بناسێت، ناتوانێت دەست لە لەسێدارەدان هەڵبگرێت و زۆر بابەتی لەم چەشنە. کۆماری ئیسلامی ئەگەر ئەو مافانە بەڕەسمییەت بناسێت، و ئەگەر دەست لە سەرکوت و جینایەت و هەژارکردنی خەڵک هەڵبگرێت، ئیتر کۆماری ئیسلامی نییە
- لە وەها بارودۆخێکدایە کە کۆماری ئیسلامی بۆ زەمانەتی مانەوەی خۆی هێرش دەباتە سەر بزوتنەوەکانی کرێکاران، ژنان، مامۆستایان، خوێندکاران، لاوان و خانەنشینان. کۆماری ئیسلامی کەم هێنانی لە بەرامبەر دەوڵەتەکانی دیکە بە هێرش بۆسەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش قەرەبوو دەکاتەوە، تا ئەو خەڵکە مەجال و دەرفەتی ڕاپەڕین لەدژی ئەو ڕژیمەیان نەمێنێت
- بزوتنەوەی کرێکاریی ئێران لە شەرایتی ئەمڕۆدا لەبەرامبەر گەلێک مەسئەلەی گرنگدا ڕاوەستاوە. چینی کرێکارێک کە لە ژێر هێرشی سەرمایە و سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان — واتە کۆماری ئیسلامیدایە و لە بووارەکانی ئابووری، سیاسی، ئەمنییەتی و کۆمەڵایەتیدا هێرشی کراوەتەسەر، زۆر پێویستە کە لە فکری ڕێکخستن و یەکگرتووکردنی هەرچی زیاتری خۆیدا بێت

ئەوە ڕاستە کرێکارانێکی کە چەند قات لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، هەڵسووڕاوانی لە زیندان دان و بۆ هەر بۆنەیەک هێرشی ئەمنییەتییان دەکرێتە سەر و کۆماری ئیسلامی فەزای ترس و خەفەقان بە سەر تەواوی کۆمەڵگای ئێراندا زاڵ دەکات و هیچ ئازادییەکی سیاسی و مافی ڕێکخستن بوونی نییە، بزوتنەوەی کرێکاری ئێران لەگەڵ ئاستەنگی گەورە بۆ خۆڕێکخستن ڕووبەڕوو دەبێتەوە هەر بەو دەلیلانە پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین کە یارمەتی دەکات ئاسۆی خەبات بۆ ئاڵوگۆڕ ڕوونتر ببێتەوە

خاڵی یەکەم بوونی هیوا و ئۆمێد بە ئاڵوگۆڕە. هەرچەند کرێکاران و ژنان لە ژێر زەختی کۆماری ئێسلامی و سەرمایەدابن، بەڵام دونیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خودی ئێران لە حاڵی ئاڵوگۆڕدان. کۆماری ئیسلامی دەزانێت کە دونیا هەر وا نامێنێ، هەر بۆیە تا ئاخرین کۆتاییەکانی تەمەنی نگریسی، لە هەر چەشنە زەخت و زیدانیکردن و سەرکوتێک درێغ ناکات. ئاڵوگۆڕ لە ئێران و مسۆگەرە مسۆگەرە.

خاڵی دووهەم ئەوەیە کە بزوتنەوەی کرێکاری لە ئێران تێبکۆشێت تا سەرەڕای ئیدامەی خەباتی سینفی بۆ زیادکردنی حەقدەستەکان و باشتربوونی ئەمنیەتی کار، بێتە ناو گۆڕەپانی خەباتی سیاسییەوە. ئێستا بارودۆخەکە لەهەر بووارێکەوە خراپە. بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو دۆخە مەینەتبارە پێویستی بە بوونی جەسارەتێکی دەستە جەمعی هەیە. بزوتنەوەی کرێکاری بۆ ئەوە کە ئاسانتر بتوانێت بیروڕای گشتی کۆمەڵگا بەرەو ویستە بەرحەقەکانی خۆی ڕابکێشێت پێویستی زۆری بەوەیە کە لە چوارچێوەی خەباتی سینفی تێپەڕبێت و خەباتی خۆی بکاتە سیاسی- ئابووری و کۆمەڵایەتی

هەر بەو بۆنەوە، خاڵی سێیەم ئەوەیە کە بزوتنەوەی کرێکاری لە ئێران تێبکۆشیت تا ڕووالەتی ئازادیخوازانەی خۆی زیاتر بە کۆمەڵگا بناسێنێت. مانای ئەو قسەیە ئەوەیە کە لە شەڕێکدا کە کۆماری ئیسلامی لە دژی ژنان ڕایگەیاندووە، هەم بە سیاست و هەم بە کردەوە لە مافی ژنان دیفاع بکەن، کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن و ئیجازە نەدەن زیاتر لەوە هێرش بکاتە سەر ژنان و مەجبوریان بکەن کە دان بە مافی ژناندا بنێن یان پاشەکشەیان پێبکەن. بزوتنەوەی کرێکاری پێویستی بەوەیە کە هاوپەیمانی خۆی لە ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەت بزووتنەوی ژناندا بدۆزێتەوە. کۆماری ئیسلامی بۆ هەر هێرش و زەخت و زۆرێک لە دژی کرێکاران و ژنان، دەبێت هەزینە بدات وهەروا بۆی دەرنەچێت

بزوتنەوەی کرێکاری لە ئێران نیازی بەوەیە کە لە دژی ئەو شەڕە ڕاگەیاندراوە هەڵوێست بگرێت، لە مافی چارەی خۆنوسینی خەڵکی فەلیستین دیفاع بکات و سیاست و دەستێوەردانی شەڕخوازانەی کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا مەحکووم بکات

بەکورتی پێویستە کە بزوتنەوەی کرێکاری لە ئێران هاوکات لەگەڵ بەردەوام بوون لەسەر خەبات بۆ باشترکردنی ژیان لە بوواری ئابووری دا، پەرچەمی ئازادی هەموو زیندانیانی سیاسی، دەستەبەرکردنی ئازادی سیاسی لە وڵاتدا و مافی خۆڕێکخستن و زۆر بابەتی لەم چەشنە، بەدەستەوە بگرێت

هەڵسەنگاندنی دۆخی ئەمڕۆ، ئەو خوێندنەوەمان دەداتێ کە خەباتی کرێکاران لەپێناو حەقدەستی زیاتر بە بێ خەباتی سیاسی لە بووارە جۆراجۆرەکاندا، بە سەرکەوتن ناگات

ئەوە ٤٥ ساڵە کە کرێکاران و خەڵکی ئێران لە ژێر باری مەینەتی و نەهامەتییەکدا دەژین کە کۆماری ئیسلامی و سەرمایەداران بەسەریدا سەپاندوون. بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو شەرایتە مەینەتبارە پێویستی بە خەباتێکی هەمەلایەنە لە بووارەکانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدایە. بزووتنەوەی بەهێزی کرێکاری ئێران لە بوواری خەباتی سیاسی دا لەو زەرفییەتە بەهرەمەندە کە ببێتە هەوێنی گەورەترین یەکگرتوویی بۆ ئالوگۆڕی کۆمەڵایەتی لە گشت ئێران

****

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ماڵئاوایی لەژیانی هاوڕێ حوسێن مرادبەیگی



بەداخێکی گرانەوە ئاگادار بووین کە نیوەشەوی ٤ی ئایار بەرامبەر بە ١٥ی گوڵان، دڵی هاوڕێ حوسێن مرادبەیگی، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، دوای ١٢ ساڵ دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە، لە شاری ستۆکهۆڵمی سوئێد، لەلێدان کەوت. هاوڕێ محەممەد حوسێن مرادبەیگی ساڵی ١٣٣٠ لە شاری بۆکان چاوی بەژیان هەڵێنا. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شارەکانی بۆکان و تەورێز تەواو کرد و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە دانشسەرای تەربیەت موعەلیمی تەورێز لە بواری زمانی ئینگلیسی دا درێژەی بە خوێندن دا. ساڵی ١٣٤٨، لە تەمەنێکی گەنجیدا، چالاکانە بەشداریی لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکدا کرد کە دواتر ناوی کۆمەڵەی لێنرا و وەک کادرێکی ڕێبەریی، یەکەم حەوزەی چالاکی کۆمەڵەی لە شاری تەورێز پێکهێنا. هاوڕێ حوسێن لە درێژەی کار و چالاکی سیاسی خۆیدا، ساڵی ١٣٥٢ لە پەیوەندی لەگەڵ دەستبەسەرکرانی کۆمەڵێک چالاکی سیاسی لە شاری بانە دەستبەسەرکرا و گواسترایەوە بۆ زیندانی ئیسفەها. ساواک بە ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازار نەیتوانی لێوی ڕازداری هاوڕێ حوسێن بکاتەوە و لە بوونی کۆمەڵە و چالاکییەکانی وەک ڕێکخراوێکی سیاسی ئاگادار بێت. ناوبراو دوای ساڵێک لە زیندان ئازاد کرا و پاش ئازاد بوونی، سەرلەنوێ بەرپرسیارێتییەکانی خۆی وەک کادرێکی ڕێبەریی کۆمەڵە، دەست پێکردەوە هاوڕێ حوسێن لە سەردەمی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی ڕێبەریی کۆمەڵە، وەک فەرماندەیەکی لێهاتوو، ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕێکخستنی هێزی چەکداری پێشمەرگەی کۆمەڵە و بوارەکانی دیکەی کار و چالاکی کۆمەڵە لە ناوچەی سەردەشت، بە تایبەت لە کاتی چەککردنی هێزی دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکاندا، بینی. یەکەمین ناوەندی ئامووزشی پێشمەرگەی کۆمەڵە، ساڵی ١٣٥٨ لە ژێر بەرپرسیارێتی ئەودا لە ناوچەی «گۆڕەمەڕ»ی سەردەشت دامەزرا. لەگەڵ پێکهاتنی هێزی چەکداری کۆمەڵە لە ئاستی کوردستاندا، هاوڕێ حسێن مرادبەیگی کە ئێستا ئیتر زیاتر بە حەمە سوور دەناسرا، فەرماندەیی گشتی ئەم هێزەی لە ئەستۆ گرت. ساڵی ١٣٦٢ بەشداری لە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا کرد و لە کۆنگرەی دامەزرێنەری حیزب دا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٨٧ ئەرکی نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی لە دەرەوەی وڵات لە ئەستۆ گرت و لە شاری پاریس نیشتەجێ بوو. لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٨٧ تا ١٩٩١ لە بوارە جۆراوجۆرەکانی چالاکییەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هەڵسووڕاوانە بەشداربوو.

هاوڕێ حوسێن مرادبەیگی، ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ دامەزرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، پەیوەندی بەم حیزبەوە کرد. لە ڕەوتی پێشهاتە ناوخۆییەکانی دواتری ئەم حیزبەدا، کار و چالاکییەکانی خۆی لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی - حیکمەتیستدا درێژە پێدا. ١٢ ساڵ تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە، نەیتوانی هەنگاوەکانی هاوڕێ حوسێن لە ڕێگای خەبات لەپێناو ئارمانە بەرز و ئینسانییەکانیدا، شل بکات و هاوکات لەگەڵ دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ نەخۆشییەکەی، بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا ئەو ڕێبازەی کە بۆخۆی هەڵبژاردبوو، درێژە پێبدات

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەبۆنەی ماڵئاوایی لەژیانی هاوڕێ حوسێن مرادبەیگی، لە ناخی دڵەوە هاوخەمی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و سەرجەم هاوڕێیان و دۆستانی و هەروەها هەموو ئەو کەسانەی کە هاوڕێ حوسێنیان دەناسی و خۆشیان دەویست، دەردەبڕێت و خۆی بە هاوبەشی خەم و پەژارەیان دەزانێت.**

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**

**١٦ی گوڵانی ١٤٠٣**

**٥ی ئایاری ٢٠٢٤**

****

# وتارێک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئەمن کردنی کار

بەپێی ساڵنامەی ڕێکخراوی جیهانی کار (ILO )، ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی ئاوریل، بەرامبەر بە ٩ی گوڵان، ڕۆژی جیهانی ئەمنییەتی کار بوو. (ILO) ئەم ڕۆژەی لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەو مەبەستە دەستنیشانکرد تا بارودۆخێکی ئەمنی کار دیاری بکات کە کرێکاران تیایدا بتوانن وێڕای پارێزراوبوونی کەرامەت و بەهرەمەند بوون لە پشتگیری و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، درێژە بە بەرهەمهێنان بدەن یان خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن. ئەو فاکتەرەش کە گەرەنتی ژینگەیەکی لەو شێوەیە دەکات، بریتییە لە ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاریی. کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانای خۆیەوە هەوڵی داوە کە پێش بە پێکهاتنی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان بگرێت. شوێنی کار لە ئێران قەتڵگایە. بۆ نموونە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە هۆی نەبوونی ژینگەی ئەمن و بارودۆخی گونجاوی کار، چوار کرێکار لە گورگان، شیراز، تاران و پەردیس، تووشی ڕووداو بوون. لەم ڕووداوانەدا سێ کرێکار گیانیان لەدەستدا و کرێکارێکی دیکەش بریندار بوو. بەداخەوە ڕۆژ نییە لە سایەی کۆماری ئیسلامی و خاوەنکارانی چاوچنۆکدا هەواڵی لەم شێوەیە نەبیستین. بەم شێوەیە لە ژێر ئەو هەلومەرجە ستەمکارانەی کە سەرمایەداران بە هاوکاریی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوەندەکانی کار خوڵقاندوویانە، کارگە و کارخانەکان لە ئێراندا زیاتر بوونەتە قەتڵگای کرێکاران نەک ژینگەیەکی ئەمن بۆ بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری

بە چاوخشاندنێک بەسەر ڕووداوەکانی شوێنی کار، کە بەشێکیان لە ڕۆژنامەکانی خودی ڕژیمدا بڵاو دەبنەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی ئەو ڕووداوانە بە هۆی قازانج پەرستی و چاوچنۆکی سەرمایەدارانەوە ڕوویانداوە. ئەو سەرمایەدارانە بە مەبەستی قازانجی زیاتر و زیادکردنی سەرمایەکانیان، لە دابینکردنی کەرەستە و سیستەمەکانی ئەمنییەتی کار بەپێی یاسا بنەڕەتی و ستانداردەکان لە ناوەندە کرێکارییەکان، خۆ دەبوێرن. ئەوان بە کردەوە کەرەستە و ئامراز و ڕێوشوێنەکانی پاراستنی ئەمنییەتیان کەم کردووەتەوە یان بە تەواوی نەیانهێشتووە و ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارە و زیانی زۆرتری ڕووداوەکانی شوێنی کار و کەمئەندام بوون و گیان لەدەستدانی کرێکاران. لە هەمان کاتدا نابێ ئەوە لە بیر بکرێت کە نائەمنی ناوەندەکانی کار تەنیا لە ڕووداوەکاندا سنووردار نابێت، کەمی ئۆکسیژنی پێویست، ژاوەژاوی زۆر، کەمی ڕووناکی، شێداربوونی شوێنەکە، بوونی ئەو ماددانەی کە دەبنەهۆی نەخۆشی، نەپاراستنی پاکوخاوێنی و شتی لەو چەشنە، هەموویان دەبنە هۆی نائەمن بوونی شوێنی کار. لە ڕێگەی ڕاهێنان، دانانی ئیمکاناتی پێویست، چاودێری بەردەوام و پشکنینی پزیشکی و دەروونی بەردەوام بۆ کرێکاران، دەتوانرێت تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگری لە ڕووداوەکانی کار بکرێت. ئەم بابەتانە بە شێوەیەکی گشتی لە کۆماری ئیسلامیدا یان بە تەواوی بوونیان نییە، یان ئەگەریش ببن، نمایشین جگە لەو سەرمایەدارانەی کە ڕێسا و ڕێوشوێنە ئەمنییەتییەکان پشتگوێ دەخەن و پێشێلی دەکەن، وەزارەتی کار و دامودەزگا دەوڵەتییەکانیش کە بەرپرسیارن لە پشکنین و چاوەدێری کردنی ناوەندەکانی کار، بە کردەوە بەشدارن لەو کارەساتانەی کە کرێکارانی ئێرانی بەردەوام ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەو ڕووداوانەی کە دەبنە هۆی گیان لەدەستدانی کرێکار، بە ئاسانی لەلایەن کارمەندێکی گەندەڵی ئیدارەی کارەوە، بە ژێرپێنانی مافی بنەماڵە کرێکارییەکان و لە بەرژەوەندی خاوەنکارەکاندا یەکلایی دەکرێنەوە. ئەگەر قوربانییەکە کرێکارێکی کۆچبەری ئەفغانی بێت، تەنانەت لەوانەیە لە ئامارەکانیشدا ناوی تۆمار نەکرێت. وەزارەتی کار بۆ دیفاع لە سەرمایەدارەکان، بەردەوام هەوڵدەدات ئاماری ڕووداوەکانی شوێنی کار کەمتر لەوەی کە هەیە نیشان بدات و لە گرنگی ڕوواوەکە کەم بکاتەوە. تەنانەت هەموو ئەو ئامارە نیوە و ناتەواوانەش کە لەبەردەستدان، نیشان دەدەن کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی دژە کرێکاریی کۆماری ئیسلامیدا، بە بەراورد لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی دیکە، ڕووداوەکانی شوێنی کار یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکانی گیان لەدەستدانی کرێکاران. بەپێی ئەو ئامارە سانسۆرکراوانە، پەنجا لەسەدی ڕووداوەکانی کار، لە کەرتەکانی بیناسازیدا ڕوودەدەن. دوای بیناسازی، کانەکانی ئێران، دووەم قەتڵگای کرێکارانن. زۆربەی هەرەزۆری کرێکارانی ئەم دوو پیشەسازییە، لە هەبوونی بیمە بێبەشن. بۆ نموونە لە کۆی نزیکەی ٢ بۆ ٣ ملیۆن کرێکاری بیناسازی، تەنیا ٦٠٠ هەزار کەس بیمەیان هەیە

واقیعییەت ئەوەیە کە لە سیستەمی قازانج پەرستی سەرمایەداریدا، ڕووداوەکانی کار بەردەوام ڕوودەدەن. بەڵام ڕێکخراوە چینایەتییەکانی کرێکاران لە وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان توانیویانە دەوڵەتەکان ناچار بکەن کە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا بە قازانجی ئەمن کردنی شوێنی کار لەلایەن خاوەنکارانەوە دەربکەن و خاوەنکارەکان ناچار بکەن بە دابینکردنی هەزینەی پێویست، ئەمنییەتی شوێنەکانی کار تا ڕادەیەکی بەرچاو مسۆگەر بکەن. بە واتایەکی تر، ڕێکخراوە کرێکارییەکان توانیویانە بە چاوەدێری کردن بەسەر ئیدارە دەوڵەتییە پێوەندیدارەکان، دانانی کۆنترۆڵ بەسەر جێبەجێکردنی ڕێساکانی ئەمنییەتی شوێنی کار لەلایەن خاوەن کارگەکان، کارخانەکان، کانەکان و ناوەندە خزمەتگوزارییەکان، ناوەندگەلێکی کاری تاڕادەیەک ئەمن بۆ ئەندامەکانیان دابین بکەن. ئەڵبەتە خاوەنانی سەرمایە بە هاوکاری دەوڵەتەکان لە چەند دەیەی ڕابردوودا و بە کەڵک وەرگرتن لە نیۆلیبرالیزمی ئابووری، خۆیان لە دابینکردنی هەزینەی پێویست بۆ ئەمن کردنی ناوەندەکانی کار دەرباز کردووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەمنییەتی شوێنی کار بابەتێکی چینایەتییە و پەیوەندی بە هاوسەنگی هێزەوە هەیە. لەو ڕووەوە کە هەموو ڕووداو و کارەسات و نەخۆشیەکان لە سیستەمی سەرمایەدارییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو کارەساتانە تا ڕووخانی ئەم سیستەمە لە ڕێگەی خەباتێکی کرێکارییەوە، کۆتاییان نایەت. بەڵام تا لەناوبردنی تەواوەتی ئەم سیستەمە، دەتوانرێت ئەمنییەتی ناوەندەکانی کار تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێگەی چالاکیی ڕێکخراوە کرێکارییەکانەوە مسۆگەر بکرێن. پێویستە لە ڕێوڕەسمەکانی ڕۆژی یەکی ئایاردا ئەو ڕاستییە وەبیر بخرێتەوە کە دەستەبەرکردنی ئەمنییەتی شوێنی کار بابەتێکی زۆر گرنگە و دەتوانرێت بەسەر سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیاندا بسەپێندرێت

****

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 448-May 2024
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# دروشمەکانی ڕۆژی جیهانی کرێکار، زیادکرنی حەقدەست و مووچە، ڕاگرتنی جینۆساید لە غەززە



ڕۆژی جیهانی کرێکار لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهان بە شێوەی ڕێپێوان و کۆڕ کۆبوونەوەی گەورە، بەڕێوە چوو. زیادکردنی حەقدەست، ڕاگرتنی جینۆسایدی ئەرتەشی ئیسرائیل لە غەززە، دروشمی هاوبەشی زۆربەی چالاکییەکانی ڕۆژی جیهانی کرێکار بوو. بەڵام لە هەموو وڵات و ویلایەتێکدا هاوکات کۆمەڵێک داواکاری تایبەتیش خرانەڕوو. لە ئەمریکا خۆپیشاندەران هێرشی دڕندانەی پۆلیس بۆسەر بزووتنەوەی دامەزراندنی کەمپی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی غەززەیان کە لەلایەن خوێندکارانەوە کەوتووەتە ڕێ، ئیدانە کرد. ئەوان لەسەر ڕاگرتنی هاوکاریی دارایی و چەک و چۆڵی دەوڵەت و سەرمایەدارە گەورەکانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل، پێداگرییان کرد. لە ڕێپێوانەکاندا، خواستی زیادکردنی حەقدەست و مووچە، خەبات لە دژی گرانی و دیفاع لە مافی کرێکارانی کۆچبەرانیش بە دروشمی « هاوڵاتیبوون مافی هەموانە» گەلێک بەرچاو بوو. لە شاری لۆس ئەنجلێس کرێکاران و هونەرمەندانی هالیوود دروشم گەلێکی وەک »سوور بپۆشن!»، «دەسەڵات لەدەست کرێکاراندا بێ» و «کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەسەر کردەوەکانی پۆلیس» لەسەر پلاکاردەکان نووسرابوو. ئەو دروشمانە لە دژی مەککارتییە کۆنەپەرستەکانی هاوچەرخ بوون کە خوازیاری سەرکوتی ئەو کرێکارە فکری و داهێنەرانەن کە لەپێناو دیفاع لە مافەکانی خۆیان و کرێکاراندا، دژ بە شیرکەتە گەورەکانی تەکنەلۆژیا خەبات دەکەن. ئەوان هەروەها داواکاری باشتربوونی حەقدەست شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هەموان، هاووڵاتیبوون مافی هەموانە، کۆتاییهێنان بە سەرجەم شەڕەکان و پەروەردەی سەراسەری و بێبەرامبەر بۆ هەموانیان بەرز کردەوە. لە ئۆکلاهما، کرێکارانی بارەنداز کە چوار مانگ لەمەوبەر خوازیاری کۆتایی هێنان بە هاوکاریی دارایی و چەک و چۆڵی کابینەکەی بایدن بۆ ئیسرائیل بوون و خۆیان لە بارکردنی کەرەستە سەربازییەکان بۆ ئیسرائیل بواردبوو، لە ڕۆژی جیهانی کرێکاردا سەرلەنوێ و بە هەمان دروشم، بەندەرەکەیان داخست. ئەوانیش لە دژی گرانی و دابەزینی ئاستی گوزەرانی کرێکاران و هەروەها لە دژی بوونی نایەکسانی قووڵی دارایی نێوان سەرمایەداران و کرێکاران، دروشمیان دا و خوازیاری باشتربوونی ئاستی ژیان و بارودۆخی کرێکاران بوون

خۆپیشاندەران لە شیکاگۆ، وێڕای دووپاتکردنەوەی دروشمە گشتییەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی، یادی ئەو کرێکار و ڕێبەرە کرێکاریيانەشیان بەرز ڕاگرت کە لە کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٨٨٦ی هایمارکێت لەلایەن پۆلیسەوە گیانیان لەدەستدا. لە کالیفۆرنیا خۆپیشاندەران، بەرەو شوێنی «کەمپی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی غەززە» لە زانکۆی باشووری کالیفۆرنیا ڕێپێوانیان کرد و پشتگیریان لە خوێندکاران کرد. لە سیاتێل لەسەر ئاڵای خۆپێشاندەران نووسرابوو: « لە غەززە جینۆساید ئەنجام دەدەن، هەر وەک چۆن خەڵکە ڕەسەنەکانی ئەمریکایان کۆمەڵکوژ کرد، وەک چۆن کرێکاران لەناو کارگە و ناوەندە کرێکارییە نائەمنەکاندا دەکوژن». لەسەر پلاکاردێکی دیکە نووسرابوو: «بیمەی بێکاری بۆ ئەو کرێکارە کۆچبەرانەی کە هێشتا مافی نیشتەجێبوونی فەرمییان پێنەدراوە». لە پاریس و نانت لە ڕۆژئاوای فەرانسە شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ پۆلیس ڕوویدا. خۆپیشاندەران پلاکاردێکیان بەدەستەوە گرتبوو بوو کە لەسەری نووسرابوو «ماکرۆن، لە ناخی دڵەوە لێت بێزارم». خۆپیشاندەران ئاڵای ئۆلەمپیکیان سووتاند. جێگای ئاماژەیە کە سێ مانگی تر یارییە هاوینەکانی ئۆلەمپیک لەو وڵاتە بەڕێوەدەچێت. ئەم یارییانە کە قازانجێکی زۆر بە خاوەن هۆتێلەکان و هەندێک لە کاسبکاران دەگەیەنێت، گرانییەکی زۆر بۆ کرێکاران و باقی جەماوەر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی یەکی ئایار لە ئاڵمان، دروشمی «باج لە دەوڵەمەندەکان وەربگرن» گەلێک سەرنجڕاکێش بوو. لە خۆپیشاندانی شارەکانی بریتانیا، بابەتی هێرش بۆ سەر مافە دێموکراتیکەکانی کرێکاران، خەبات لە دژی هەژاری و بەتایبەتی هەژاریی منداڵان، زیادکردنی حەقدەست و کۆتایی هێنان بە هاوکارییەکان بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل لە کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی فەلەستین، لە زومرەی سەرەکیترین داواکارییەکان بوون. لە وڵاتە ئاسیاییەکان خۆپیشاندەران خوازیاری کۆتایی هێنان بە پرسی بەتایبەتی کردن، زیادکردنی حەقدەستەکان، ڕاگرتنی گۆڕانکاری لە یاساکانی کاردا بە قازانجی خاوەنانی سەرمایە و کۆمەڵکوژی ئیسرائیل لە غەززە بوون

لە ئێران، پۆلیسی کۆماری ئیسلامی بەوپەڕی دڕندەییەوە، بە تایبەت لە کوردستان، ڕێگری کرد لە ڕێکخستن و بەڕێوەچوونی ئاشکرای ڕێوڕەسمە سەربەخۆکانی ڕۆژی جیهانی کرێکار لە ناو شارەکاندا. بەم هۆیەوە ڕێوڕەسمەکان یان لە دەرەوەی شارەکان، لەوانە لە شارەکانی بانە، بوکان و سەقز، یان بە شێوەیەکی نهێنی بەڕێوە چوون. بەڵام سەرەڕای ئەم گوشارانە، کرێکارانی پێشڕەو لە شارۆچکەی پیشەسازیی ژمارە یەکی سنە، و لە شاری کامیاران ڕێوڕەسمەکانی ڕۆژی جیهانی کرێکاریان بەڕێوە برد. لە دەرەوەی کوردستانیش، کرێکارانی شیرکەتی نەیشەکەری هەفت تەپە لە ناو شیرکەتەکە و هەروەها خانەنشینانی کرماشان لە بەردەم ئیدارەی کار و تەعاونی پارێزگای کرماشان ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانی کرێکاریان بەڕێوە برد. لە مەراسیمی هەفت تەپەدا، ئیبراهیم عەباسی یەکێک لە هەڵسووڕاوانی کرێکاریی ناسراوی ئەو شیرکەتە، وتارێکی پێشکەش کرد و وێڕای ئاماژە بە کێشە و گرفتەکانی کرێکارانی ئەم ناوەندی بەرهەمهێنانە و پشتیوانی لە مانگرتنی کرێکارانی کاغەزی پارس لە شاری شوش، لەسەر دوو داواکاری گرنگی کرێکارانی هەفت تەپە لەوانە گەڕانەوەی ئیسماعیل بەخشی بۆسەر کارەکەی و گواستنەوەی تەواوەتی ئەو شیرکەتە بۆ تەرحی پەرەپێدانی نەیشەکەری هەفت تەپە، پێداگری کرد. وتاربێژی دووەمی ڕێوڕەسمەکە بریتی بوو لە فەراسەتی، یەکێک لە خانەنشینانی کرماشان، کە ناوبراویش وێڕای ئاماژە بە کێشە و گرفتەکانی ژیانی خانەنشینان، خوازیاری ئازادکردنی تۆماج ساڵحی بوو. جێگای ئاماژەیە کە لە کۆتایی ئەم ڕێوڕەسمەدا، بڕیارنامەی خانەنشینانی کرماشانیش خوێندرایەوە

****

دواستون

## ڕاگەیاندنی شەڕ لەگەڵ ژنانی ئازادپۆش

خامەنەیی ڕۆژی ١٥ی خاکەلێوە، سەرلەنوێ لە وتاری جەژنی ڕەمەزاندا حیجابی زۆرەملێوەک «حوکمێکی بێ ئەملاو و ئەولای شەرعی» ناوبرد و جارێکی دیکە ئاتەش بەئیختیارە بەکرێگیراوەکانی هان دا بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان لەپێناو «فەرمان بە چاکە کردن»دا جێبەجێ بکەن. ناوبراو هەروەها وتی، تەنانەت ئەو ژنانەش کە باوەڕیان بە شەرع نییە، دەبێت حیجابی ئیجباری ڕەچاو بکەن، چونکە پرسێکی یاساییە. ئەوە لە کاتێکدایە کە پڕۆژە یاسای «عیفاف و حیجاب» لەپارلمانی ڕژیمی ئیسلامیدا، هێشتا مشتومڕی لەسەرە و پەسەند نەکراوە. دوابەدوای قسەکانی خامەنەیی، هێزە ئینتیزامییەکان وەک باڵی جێبەجێکار و ئامرازی سەرکوتی دەستی دەسەڵاتی دادوەری و کابینەی ڕەئیسی، وەحشیانەتر لە هەمیشە هاتنە مەیدان. ئەوان پلانێکی کردەیییان بە ناوی «تەرحی نوور» خستۆتەڕوو و بەگوێرەی ئەو پلانە، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٣ی خاکەلێوە، لە شارە جۆراوجۆرەکان ڕاگەیاندنی توندیان بڵاوکردەوە کە لە ڕۆژی شەممە ٢٥ی خاکەلێوەوە، سەرجەم پلان و ڕێکارە شکستخواردووەکانی پێشوویان کە پەیوەندییان بە حیجابی ئیجبارییەوە هەیە، توندتر دەکەنەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، لەو ڕۆژەدا هێزەکانی گەشتی ئیرشاد، گروپە چالاکەکانی بەسیج، لیباس شەخسییەکان، لات و چەقۆکێشە بەکرێگیراوەکان و مەئموورانی کۆنترۆڵی حیجاب، بەڕادەیەکی زۆر لە شەقامی شارە گەورەکان و لەوانە شاری تاراندا دەرکەوتن. ڕاپۆرتەکانی ناوچەی جوگرافیای میلیتاریزەکراوی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە جگە لە گەشتی ئیرشاد، هێزە تایبەتییەکانیش لە ئاستێکی بەربڵاودا ئامادەبوون. هەڵسوکەوتی توندوتیژتر لەگەڵ خوێندکارە کچەکان و لایەنگرانیان، هەم لە گرتنەبەری ڕێوشوێن و هەم لە کردەوەی توندوتیژی هێزە سەرکوتکەرەکانیاندا بە ڕوونی پەرەی سەندووە. ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانیش بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوام لە بەرامبەر ئەو یاسا و ڕێسایانەدا لەسەر نافرمانی و سەرپێچیکردن بەردەوامن

ژنانی وشیار و خەباتکار، بە ر جە ستە کر د نە و ە ی مەسەلەی حیجابی ئیجبارییان لە وتاری جەژنی ڕەمەزاندا، گەڕاندەوە بۆ بێتوانایی ڕیژیم لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیران و گرفتە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەمنیەتییەکان و هەروەها بێ توانایی لە ئاست وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی خەڵک. لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بە کردەوە سەپاندنی حیجابی ئیجباری کردۆتە بنەمای سەرەکی مانەوەی خۆی، مانەوەیەکی کە بەتەواوی لە مەترسیدایە. ئاخووندە دەسەڵاتدار و بەرپرسە نیزامییەکانی ڕژیم جگە لە لایەنی ئایدیۆلۆژیی، بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی پێشەنگایەتی ژنان لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، کە لە شۆڕشی ژینادا گەیشتە لوتکە. بە پێویستی دەزانن بە هەر نرخێک بێت، خەبات و نافەرمانی ژنان شکست پێ بێنن. چونکە بزووتنەوەی ژنان بە بەشی خۆی کەشوهەوای خەباتکارانەی لە کۆمەڵگادا زیندوو ڕاگرتووە و ئیلهامبەخش بووە بۆ خەباتی هەموو چین و توێژە نارازییەکانیکۆمەڵگا. لەمڕووەوە ئەرکی سەرشانی سەرجەم ڕێبەران و پێشڕەوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هەموو ئازادیخوازەکان ئەوەیە کە پشتیوانی خۆیان لە بزووتنەوەی ژنان و هەر تاکێکی هەڵسوڕاو و تێکۆشەری ئەو بوارە هەرچی زیاتر پەرە پێبدەن و ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاوتر ببینن لە شکست پێهێنانی سەرلەنوێی ڕژیم لەم بوارەدا

****